# زایەڵەی فلوتە ئەویندارەکەی

## سەرداری باب سەردار

ئامادەکردنی:
م. فازیل شەورۆ
د. هێمن عەبدولحەمید
د. هاوژین سلێوە

ناوی کتێب: زایەڵەی فلوتە ئەویندارەکەی سەرداری باب سەردار

ئامادەکردنی: م. فازیل شەوڕۆ ـ د. هێمن عەبدولحەمید ـ د. هاوژین سڵیوە

دیزاینی بەرگ: ڕێبەر سەرتیپ جراح

دیزانی ناوەرۆک: شیاو سەرتیپ جراح

وێنەی بەرگ: قەرەنی جەمیل

چاپخانەی: لاس سەنتەر

چاپ: یەکەم

لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەگشتییەکان ژمارەی سپاردنی(   )ی ساڵی ٢٠٢٠ ی پێدراوە.

| ز | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | مەرام و ناوەرۆکی ئەم کتێبە | ٤ |
| ٢ | سۆزی چەهچەهەی فلوتە سەحەرییەکەی کوردستان | ٧ |
| ٣ | لە چلەی ماتەمینیی مامۆستا سەرداردا | ١٨ |
| ٤ | وتەی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە | ٢١ |
| ٥ | ماهیەت و پێگەی هونەریی مامۆستا (سەردار ئەحمەد)- ئارەزوو ئیسماعیل | ٢٢ |
| ٦ | دەربارەی هونەرمەندی هەمیشە زیندوو (باب سەردار)- ئەنوەر قەرەداغی | ٢٩ |
| ٧ | سەرداری باب سەرداری، شای شمشاڵ و فلوت - ڕەهبەر سەید برایم | ٣٢ |
| ٨ | سۆزی شمشاڵ – سەفین عەبدولڕەزاق | ٣٨ |
| ٩ | هونەرمەندێکی جوان – شیاو سەرتیپ | ٤٠ |
| ١٠ | سەرداری باب سەرداریش جێی هێشتین- عەبدولکەریم شێخانی | ٤١ |
| ١١ | پاشای فلوت و بلوێر – د. کەیفی ئەحمەد | ٤٦ |
| ١٢ | مامۆستا سەردار شمشاڵێک لە عیشق و سۆز- د. عەبدولواحید ئیدریس | ٤٨ |
| ١٣ | سەردار ئەحمەد، مامۆستایەک بۆ لێفێربون- هێمن عەبدولحەمید | ٥٠ |
| ١٤ | سەرداری باب سەرداری- وریا ئەحمەد | ٥٢ |
| ١٥ | کۆچی سەردار- ئومێد مام ڕەسوڵ | ٥٦ |
| ١٦ | شینی شمشاڵێک- باست حەمەغەریب | ٥٨ |
| ١٧ | بۆ سەرداری باب سەردار- جۆشان مەجید ئاسنگەر | ٦٠ |
| ١٨ | تۆ هەر زیندوویت- دانا غەفور | ٦٢ |
| ١٩ | سەرداری کۆیە- دڵشاد تاقانە | ٦٤ |
| ٢٠ | پاشای ڕێزدار- سەعدوڵا محەمەد | ٦٥ |
| ٢١ | هونەرمەندێک لە نایە و فلوت و شمشاڵ- شوان ئەحمەد مام عەلی | ٦٧ |
| ٢٢ | تاڤگەی شمشاڵ- فازیل شەوڕۆ | ٦٩ |
| ٢٣ | ناڵەی بلوێر- قادر بەشدار | ٧٢ |
| ٢٤ | (....) قوباد بەهرەوەر | ٧٣ |
| ٢٥ | سەرداری باب سەرداری- قوبادی جەلیزادە | ٧٥ |
| ٢٦ | بۆ چلە و یادت مامۆستای نەوەکان- مودریک ژاڵی | ٧٧ |
| ٢٧ | بۆ چلەی هونەرمەندی مەزن کاکە سەردار- مەولود ژاکاو | ٧٨ |
| ٢٨ | بۆ مەرگی سەرداری باب سەردار- نادیە کەریم | ٨٠ |
| ٢٩ | سەردارەکەی هەیبەت سوڵتان- نازم دڵبەند | ٨٢ |
| ٣٠ | کۆچی ناوادەی مامۆستا سەردار- نامیق تەلانی | ٨٦ |
| ٣١ | بۆ گیانی مۆسیقا، سەرداری باب سەردار- د. هاوژین سڵیوە | ٨٧ |
| ٣٢ | سەرداری مایسترۆ- هەڵمەت سەمەد | ٨٨ |
| ٣٣ | ئەرشیفە وێنە | ٩٠ |
| ٣٤ | مۆسیقای چنارۆک تایپ / دەوەن مەولود | ١١٧ |
| ٣٥ | مۆسیقای زۆزان تایپ / دەوەن مەولود | ١١٨ |

## مەرام و ناوەرۆکی ئەم کتێبە

فەرهەنگی ئەدەبی کوردی، بەهەردوو ناوئاخنەکەیەوە، بیستراو و نووسراو ــ فۆلکلۆر و تۆمارکراو، دەوڵەمەندە، نەک هەر بە ناوەرۆک و هونەر و زمانی چڕ و جوان و شیرین، بەڵکو سەنگینیشە بە هونەری ئاواز و دەنگ و نەغمە و مۆسیقاش، ئەوە جگە لەو هەموو ڕشتە ڕەنگاڵە خۆشنەزمانەی گوتن و بێژان و چڕین، لە لاوک و حەیران و مەقام و هۆرە و بەیت و بالوور و سیاچەمانە و سرووود و گۆرانی و دیلانەی بەجۆش و خرۆش. هەرچەندە گەنجینە دەنگییەکەی ئەو ئەدەبە، پتر لە خەزنەی فۆلکلۆرەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام ئەدەبی نووسراویشی، جوان ئاوێتەکراوە بەو ئاواز و نەزم و سەدایەی کوردەواری و سروشتەکەی. تۆ وەرە گوێ بۆ قەسیدەی (سۆلاڤ)ی ئەحمەد دلزار، یان چامەی (گەشت لە هەورامان)ی گۆران ڕادێرە، ئەوجا تێدەگەی، چەندە خۆشئاواز و خۆشنەزم و خۆشنەغمەن.

جا ئەو سامانە لەقیمەتنەهاتووەی ئەدەبی کوردی، بووەتە مایەی خولقاندنی چەندان شاعیر و ئەدیب و هەنەرمەندی مەزن و بەتوانا و داهێنەر. ڕەنگبێ لەبەر قامتێک هۆ، وراتی کۆیە پشکێکی گەورەی لەو نیعمەتە نەتەوەییە بەرکەوتبێ. سەرداری باب سەرداری، وەک ڕۆڵەیەکی ئەو خاک و ئاوە، مامۆستا و هونەرمەندێکی هەڵکەوتووی مەزن و داهێنەر و بەتوانای بواری مۆزیک و هونەری مۆزیکە. لە نێو ئاپۆڕای هونەرمەنداندا، نەک لە وراتی کۆیە و کوردستاندا، بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوند و جیهانیشدا، کەموێنەیە ــ ئەوە خەمساردی و بێخەمی و ناکارامەیی لایەنە بەرپرسەکانی هونەر و ڕۆشنبیریی حکومەتی کوردستانە کە بۆ ناساندنی ئەو هونەرمەندە

مەزنانە، لەسەر ئاستی جیهان، بەنیوەچڵی کاریان کردووە، وەک نەتەوەکانی دیکە بۆ هونەرمەندەکانی خۆیان، بەجددی کاریان نەکردووە .

دوای ماڵاواییی یەکجارەکیی مامۆستا سەرداری باب سەرداری هونەرمەند، مامۆستا (سەفین عەبدولڕەزاق)ی هونەرمەند ــ سەرۆکی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە، پێشنیاری ئامادەکردنی نامیلکەیەک دەکات، بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی بەشێک لە ئەرشیفی ئەو هەنەرمەندە مەزنە. ئەرکی ڕاپەڕاندنی ئەو پرۆژەیەش دەخاتە ئەستۆی (د. هێمن عەبدولحەمید شەمس)ی هونەرمەند، ئەویش، دواتر، بازنەی پرۆژەکە گەورەتر دەکات و (فازیل شەوڕۆ)و (د. هاوژین سلێوە)ش، وەک دوو ئەدیب و نووسەر، دەکاتە ئەندامی دەستەی ئامادەکاریی کتێبەکە .

جگە لەوەی کتێبەکە، کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند دەکات و بۆ خوێنەرانی دیارییەکی نوێ پێشکەش دەکات، چەند لایەنێکی دیکەی باشی هەیە: مامۆستا و هونەرمەند و خوێندکارو خوێنەر، دەتوانن زانیاریی ژیاننامە و ژینگەی ئەو هونەرمەندە بخوێننەوە، بەبێ ئەوەی هەموو جارێک بچن لە دەرگای بنەماڵەکەی ئەو بدەن .

ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڕێ و دۆستە هونەرمەندەکانی مامۆستا سەردار، ئەزموونی هونەری و کار و چالاکییان لەگەڵ ئەودا هەیە، بۆیە لێرەدا، بیرەوەری و ئەزموونی ژمارەیەک لەو هونەرمەندە بەڕێزانە، کە بە قەڵەمی خۆیان نووسراون، لە بەشێکی کتێبەکەدا تۆمارکراونەتەوە.

ئێ، سەرداری باب سەرداری، وەک مامۆستا و هونەرمەند و مرۆڤ، بۆخۆی کەسایەتییەکی دیاری کوردستانە، کە سەنگ و پێگە و مەقامێکی باڵا و جوان و درەوشاوەی هەیە، قەدرزانیی ئەو جۆرە کەسایەتییە، فەرز و سوننەتە لەسەر شاگرد و نەوەکانی ئەو وراتە. ئەوانیش بۆ ئاسودەکردنی ویژدانی خۆیان حەزیان

کردووە، کە خزمەتێکی بچووکی ئەو زاتە مەزنە بکەن، ئەگەر بە ئامادەکردنی کتێبێکیش بێ.

لەسەر ئاستی کوردستان و کۆیە، زۆر لە هەوادار و خۆشەویستەکانی سەرداری باب سەرداری، ماڵاوایی ئەویان، کردووەتە خەناوکەی خەمەکانیان و بە شیعر و پەخشان ڕۆحی بەرزەفڕی ئەویان نەمرتر کردووە. بەرهەمەکانی ئەوانیش لە بەشێکی دیکەدا کۆکراونەتەوە ـ پێشوەخت لە سۆشیال میدیادا، بانگەواز بۆ ئەم بەشە بڵاوکرابۆوە.

تەرخان کردنی، پاشکۆی کتێبەکە بۆ ئەرشیفەوێنەی ئەو هونەرمەندە، ڕەنگ و ڕوخسارێک بە نەمریی ئەو دەبەخشێت و خوێنەرانی بە وێنە و نیگار و دیمەنەکان ئاشناو دڵخۆش دەکا. ناوئاخنی کتێبەکە چەند بەشێکە: جگە لەم پێشەکییە، ژیاننامە و وتار و شیعر و وێنەیە .

هیوادارین لە چاپی دووەمی ئەم کتێبە، ئەو کەموکوڕی و کەلێنانە پڕ بکەینەوە، ئەگەر بێنە بەرچاو.

سوپاس و قەدرزانی هەموو ئەوانەین کە لە ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا یارمەتییان داین. درود بۆ ڕۆحی پاکی هونەرمەندی کورد، سەرداری باب سەرداری.

ئامادەکاران

١٥ی ئاداری٢٠٢٠

## (سـۆزی چەهچەهەی فلوتە سەحەرییەکەی کوردسـتان)

## "ژیاننامەی سەرداری باب سەرداری"

لە ساڵی(١٩٤٥)دا، لەو ساڵەی گڕ و دوکەڵی بێئامانی بۆمبی ئەتۆمی سـووتێنەری ئەمریکا، شارەکانی هیرۆشیما و نەگەزاکیی هەڵدەقرچاند و تۆپ و تەیارەکانی بەغدا، کوردستانیان مەرگباران دەکرد و پێشەوا قازی محەمەد لە کۆشش و خەباتدابوو بۆ دامەزراندنی کۆماری کوردستان و تازە شێخ ئەحمەدی بارازن لە گرتوخانەی شاری ناسرییە ئازادکرابوو، ئا لەو ساڵە تووش و دژوارەی جەنگی دووەمی جیهانیدا، لە ژێر بنمیچی خانووێکی دارەڕێکراوی دیوار بە قوڕسواغدراوی بەکرێ، لە گەڕەکی بەفریقەندی لە کۆیە، ژنێک زریکەیەک لێدەدا و کوڕە نۆبەرەیەک، دەخاتە ناو باوەشی ئەحمەدی هاوسەری. ئەحمەدیش قەت هیچ ناوێکی بەسە رزاردانایە کە لە (سەردار) خۆشتربێ و ڕۆژانە ئەوەند دەیلێتەوە، تا ئەحمەد ناوی خۆشی، لە نێو خەڵکیدا، دەبێتە (باب سەردار).

سەرداری باب سەرداری، دەخەنە بەر خوێندن و هێشتا هەر هۆگری ئەو باوەشەی باوکی دەبێ، کە بەبۆنی ئارەقەی شین و مۆری هاوینان سەرمەستی دەکردن، بۆیە کە گەیشتبووە پۆلی چوارەم و پێنجەمی سەرەتاییش، لە کۆنە گەراجی بەرانبەر مزگەوتی گەورە، ناوە ناوە هەر دەچووە لای باوکی و ڕۆژانە چەند ساتێکی لەوێ بەسەر دەبرد - باوکی دەلاڵی گەراج بوو. ئا لەو تەمەنەیدا، سەردار یەکجار سەرسام دەبێ بەو ئاوازانەی کە (عەبدۆکی) سەکن *، لە ژێر سێبەری پاسە تەختەدارەکانی ئەو سەردەم، بە دوزەلە و شمشاڵەکەی نێو دەستی، ئەو ناوەی دەخرۆشاند. تا (عەبدۆک) عاشقانەتر، شمشاڵەکەی دەژەند، سەردار شێتانەتر لێی نزیک دەبۆوە و گوێی بۆ هەڵدەخست و سەرمەستی دەبوو. جا لە سەفەرێکیدا بۆ هەولێر، سەردار، بەو منداڵییەی خۆیەوە، خۆی دەگەیێنێتە

گوزەری خەنجەرفرۆشان و شمشاڵێکی زەردی ئاسن، بەو (سەد فلس)ەی کە لە ڕۆژانەی خۆی گلیدابۆوە، دەکڕێ. هەر بە پارەی خۆی نەیەکی لە دار دروستکراویش دەکڕێ. دواتریش لە قامیشەڵانە زۆرەکانی دەوری ڕەز و باخەکانی کۆیە، بە دەستی خۆی دووزەلەیەک دروستدەکا. ژەنینی ئەو ئامێرە سادانەی لێدەبێتە مەراق و ڕۆژانە خۆیان پێوە سەرقاڵ دەکا و دەیانکاتە هاوڕێ و هاودەمی پەنجە نەرمەکانی و هەست دەکا کە ڕۆژ دوای ڕۆژ، دێ باشتر ئاوازیان پێبژەنێ.

کە لە ساڵی (١٩٥٧)، سەردار دەبێتە قوتابیی پۆلی یەکەمی ناوەندی و دەچێتە قوتابخانەی ناوەندیی کوڕانی کۆیە، دەروازەی قۆناغێکی نوێ لە تەمەنیدا دەکرێتەوە، نەک هەر لەبەر ئەوەی دێ خۆی بناسێ و وردە وردە کەسێتیی خۆی هەڵبنێ، بەڵکو لەبەر ئەوەی، مامۆستا ئەندراوس خەمۆ، ناسراو بە (باکووری)، وەک مامۆستای ڕشتەی زمانی ئینگلیزی لەو قوتابخانە دادەمەزرێ و لە پاڵ وانەگوتنەوەی خۆی، هەوڵدەدا وەک هونەرمەندێکی گەنجی خوێنگەرمی جەرگسۆز، شۆڕشێک لە بواری هونەری ئەو شارە بەرپابکا. لە لایەک بە کەمان و عودەکەی قوتابخانەکە دەهێنێتە جۆش و خرۆش، لەلایەکی دیکەوە سەرقاڵی هێنانەدیی خەونێکی پیرۆز دەبێ، بۆ پێکهێنانی تیپێکی مۆزیکی خنجیلانە بۆ شارەکە. جا کە لە پۆلەکاندا بە دوای قوتابیی بەهرەدار و زیت و چەلەنگدا دەگەڕێ، تا بیانکاتە فێرخوازی مۆزیک و خەونەکەی بێنێتە دی، مامۆستا باکووری – سەردار، وەک شمشاڵژەن و عەلی عەونی وەک تەپڵ لێدەر و عەبدولڕەحمان ئەسودە وەک دوزەلەژەن – لەگەڵ ژمارەیەک فێرخوازی دیکە، هەڵدەبژێرێ و دەیانکاتە ئەندامی تیپی مۆزیکی قوتابخانە و هەر ئەو ساڵە یەکەم ئاهەنگی خۆیان بۆ قوتابییەکان، لەو قوتابخانەیەدا سازدەکەن.

هەمیشە مامۆستای کاریزما، عەودالّی داهێنان و کاری دەستپێشخەرانەی مەزنە، بۆیە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان، ئەو کات، مامۆستا (شەفیق سـابیر) چەند ئامێرێکی مۆزیک بۆ فێرخوازەکان دەکڕێ و هەمیشە بەسەریان دەکاتەوە و هانیان دەدا و زۆر هاوکاریی مامۆستا باکووری دەکا بۆ کردنەوەی خولێکی مۆزیک لە هاوینی سالّی (١٩٥٨)دا، ئەوە بوو (زاهیر محەمەد و ئەنوەر تاهیر و چەند کەسێکی دیکەش) لەو خولەدا بەشداربوون.

لە سەرەتادا، ئەو تیپە هیچ ناوێکی نەبوو هەر تیپی قوتابخانە بوو، بەلّام کە خولەکەی ئەو سالّە تەواو بوو، مامۆستا باکووری ناوی (تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە)ی بۆ هەلّبژارد و هەر بەو ناوە ناسرا. یەکەمین ئاهەنگی ئەو تیپە نۆبەرەیەش لە شاری ڕانیە، هەر ئەو سالّە، بە بەشداریی هونەرمەندی گەورەی کورد، مەقامبێژ (سێوە)، بەڕێوەچوو.

لە سالّی (١٩٥٩) زاهیر محەمەد و ئەنوەر تاهیر، هەردوو ئەندامی تیپەکە، پۆلی سێیەمی ناوەندی تەواودەکەن و دەچنە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا و لەوێ لەسەر خوێندنی خۆیان بەردەوام دەبن. لە سالّی (١٩٦١) تیپی باواجی هەر بەردەوام دەبێ، لێ مامۆستا باکووری دەگوازرێتەوە بۆ هەولێر. دواتریش سەرداری باب سەرداریش، بەسەرکەوتوویی لە قۆناغی سێیەمی ناوەندی، کە ئەزموونەکانی وەزاری بوون، دەردەچێ.

هەرچەندە وەرگرتنەوەی نمرە باشەکانی پۆلی سێیەم، سەرداری تازەپێگەیشتووی دلّخۆشکرد، لێ ئەو کۆسپ و تەگەرە گەورە گەورانەی کە دەهات ببنە ڕێگر لە هێنانەدیی خەونە پیرۆزەکەی، زوو ختووکەی ئەو خۆشییەی دامرکاندەوە، چونکە بۆ کوڕە هەژارێکی وەک ئەو، ئەستەم بوو بتوانێ بگاتە سەر ڕەحلەی پەیمانگای هونەرجوانەکانی بەغدا، کە لەو سەردەمدا، تاقانە پەیمانگای هونەری بوو لە هەموو عێراق. لەو سالّەدا – سالّی (١٩٦٢)،

خێزانەکەی باب سەردار، دوای (١٧) ساڵ لە لە دایکبوونی نۆبەرەکەیان، تەواو قەرەباڵغ دەبێ، سەردار لەگەڵ (٦) براو تاقە خوشکێک و دایکێکی زەبوون و باوکێکی دەستکورت، لە دوو ژووری شێداری سەربە گومبەزی ناو ماڵان وەک کرێچی، لە نزیک کۆڵانی خورخوڕی لە گەڕەکی قەڵاتێ دەژیان. ڕۆژگارەکە زۆر سەخت بوو، گڕی ئاگری شۆڕشی ئەیلول ڕۆژ بە ڕۆژ پتر بڵێسەی دەساند و حکومەتی شۆڤێنیی بەغداش، کاردانەوەکانی دژی خەڵکی سڤیلی شار و دێهاتەکانی کوردستان، خراپتر و توندتر دەبوو. گرانی بوو، قات و قڕی بوو، کوردستان گەمارۆی ئابووریی خرابوەسەر، هێرش و شەڕ و پێکدادان و مەنعی تەجەول و قەسفکردنی فڕۆکە و تۆپەکانی ڕژێم، بێ پسانەوە بەردەوام بوون. بەڕاستی بۆ باب سەداری گیرفان بەتاڵ زەحمەت بوو، بتوانێ سەردار بنێرێتە بەغدا. ئەوەشمان لەبیرنەچی کە کۆمەڵی کوردەواریی ئەوکاتیش زۆربەی نەخوێندەوار بوون، نەک قەدر و قیمەتی هونەریان نەدەزانی، بەڵکو پێشیان باش نەبوو. بۆیە سەردار، هەر لە قوتابخانەکەی کۆیە، بە نابەدڵی دەچێتە پۆلی چوارەمی دواناوندی.

هەرچەندە، لەو ڕۆژگارەدا، دەرچوون لە پۆلی پێنجەمی دواناوندی، دەستکەوتێکی مەزن بوو، بلێ: خەونێکی مەزن و دەرگای ژیانێکی پڕ خێروبەرەکەت بوو بۆ هەموان، بەڵام سەردار، هەر بیر و هۆشی لەلای شمشاڵ و بلوێرەکەی ناو باخەڵی بوو، وایدەزانی ئەو قوتابخانەیە زیندانی خەونەکانی ئەوە. هەمیشە وتەکەی مامۆستا (حەمەدەمین مەعروف١٩٢٠ ـ ١٩٩٩)ی لە گوێدا دەزرینگایەوە کە پێگوتبوو: "سەردار ئەگەرپۆلی سێی ناوەندیت تەواو کرد، لەبەغدایێ مەکتەبەک هەیە هی مۆسیقایە، لۆ تو زۆر باشە". بۆیە دوای دوو حەفتە لە دەوامکردن، هەرچۆنێک بێ، سەردار قەناعەت بە باوکە زەبوونەکەی

دەهێنێ و بڕیاردەدات کە بچێتە بەغدا بۆ خوێندن، دوای ئەوەی کە بەهەر حاڵێک بێ، مەسرەفی سەفەرەکەی بۆ پەیدا دەکەن.

لە پەیمانگای هونەرجوانەکانی بەغدا، سەردار ڕشتەی ئامێری فلوت هەڵدەبژێرێت، سەرەڕای ئەوەی کە لەبەر باری سیاسیی دژوار و ناخۆش، ئەو چەند ساڵێکی خوێندنی لەکیسدەچێ، بەڵام هەر کۆڵنادات و بەردەوام دەبێ، تا بەسەرکەوتووی بڕوانامەکە بەدەستدێنی و دەگەڕێتەوە کوردستان. ئەو یەکەمین کورد دەبێ کە ئامێری فلوتی ئەکادیمییانە خوێندبێ و یەکەمین کەسیش دەبێ ئەو ئامێرە بهێنێتە کوردستان.

ڕاستە سەردار هەر لە منداڵییەوە بەهرەداری و کارامەیی پێوەدیاربوو و زوو بوو بە ئاشنای شمشاڵ و دوزەلە، بەڵام نابێ بایەخ و ڕۆڵی مەزنی پەیمانگای هونەرجوانەکانی بەغدا، لە ئاوجوشدان و سوینەوەی بەهرەکەیدا، کەمبایەخ بقرسێنین. گەرچی ئەو بەرلە پتر لە نیو سەدە خوێندکاری ئەو پەیمانگایە بووە، بەڵام، نەک لەسەر ئاستی عێراق، بەڵکو لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، پێگە و مەقامی ئەو مەڵبەندە هونەرییە یەکجار بەرز و دیاربوو، دەتوانین بڵێین هەرچی مۆزیکژەنی گەورە و ناوداری عێراقییە، لەو نیوە سەدەیەی دواییدا، خوێندکار و پەروەردەی ئەوێ بوون. لە قۆناغی یەکدا پرۆفیسۆرێکی هونەری مۆزیکی چیکۆسلۆڤاکی، درەس بە سەردار دەڵێ و ئەکادیمییانە پەروەردەی دەکا. ساڵانی دواتر، مامۆستای ناسراوی مۆزیک، (مەهدی ساڵح)، دەبێتە ڕابەر و دەستگری و بە فەلسەفە و جیهانبینیی مۆزیک ئاشنای دەکات. سەرداریش بۆ خۆی، وەک گەنجێکی چوست و ڕەند و زیت، لە هەر شوێنێک خولێک یان کۆڕێکی مۆسیقا هەبووبێ، خۆی گەیاندوتێ و چووەتە دیار پرۆڤەی ئامێرەکانی دیکە، بە تایبەتی ئامێری عود و ئامێرە ڕۆژهەڵاتییەکانی دیکە. ئەو دەبێتە ئەندامی تیپی مۆسیقای پەیمانگا و ئێوارانیش لەگەڵ تیپێکی دیکە خۆی بە کاری هونەرییەوە سەرقاڵ

دەکات. لە ساڵی (١٩٦٥- ١٩٦٦) چالاکانە لە تیپی مۆسیقای کۆماری دەبێتە ئەندام، کە ئەو کات، یەکەم تیپی ئەهلی بووە و بە ئامێری فلوت بەشداریی تێدا کردووە. بەرنامە و بەرهەمەکانی ئەو تیپە ڕاستەوخۆ لە تەلەفزیۆنی بەغدا پەخش دەکران و ناسراوەکانی وەکو (فاروق بیلال و جەعفەر حەسەن و داود قیسی) تێدا بەشداردەبوون .

لە کۆتاییی (١٩٧١) مامۆستا سەردار دەیەوێ بگەڕێتەوە زێدەکەی خۆی، بەڵام بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە بەو مەرجە داواکارییەکەی واژوو دەکا کە هەروەختێک لە هەولێر کاریان پێی بێ و پێویست بکا، ئامادەبێ هاوکاری و چالاکییان بۆ ئەنجام بدات .

لەو ساڵانەی مامۆستا سەردار لە هەولێریش بوو، هەرگیز شاری کۆیەی فەرامۆش نەدەکرد و لە بۆنە و ئاهەنگەکانیدا بە گەرموگوڕی بەشداریی دەکرد. لە زۆربەی بۆنە و یاد و ئاهەنگەکانی دهۆک و ڕەواندز و چۆمان و گەلاڵە و بەغدا و چەند شوێنێکی دیکەش، بەهرەمەندانە حزووری بەرچاوی هەبوو.

بەویژدانەوە، لە ناوهێنانی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە و تیپی هونەریی هەولێر، ناوی مامۆستا سەردار لە نێو ڕیزبەندی ناوە ئاڵتونییەکانی ئەو دوو تیپە دایە، لە دانانی بەردی بناغەی دامەزراندنیشیاندا ئەندامێکی کارا و خەمخۆر بوو. لە کۆتاییی ساڵی (١٩٧١) ڕەنج و تەقەلایەکی زۆریان دا تا لەگەڵ مامۆستا (زاهیر محەمەد)ی هونەرمەند، لە ئاداری (١٩٧٢) مۆڵەتی فەرمییان بۆ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە وەرگرت. ئەمەش دەرگای چالاکییە هونەرییەکانی بۆ خستنە سەر گازەرەی پشت، ئەوەبوو لە یەکەم بە شدارییاندا، توانییان (١١) بەرهەمی جوان و خۆش و ڕەسەن بۆ تەلەفزیۆنی بەغدا تۆماربکەن و بە جۆش و خرۆشەوە لە فێستیڤاڵی هونەریی بەغدا، شانبەشانی تیپە هونەرییە کوردییەکانی دیکە بەشداربن. لە ڕاپەڕاندنی کاروباری بەڕێوەبردنیشدا، بۆ ماوەیەک

سەرپەرشتیی بەشی مۆسیقای تیپی هونەریی هەولێری کردووە و چەندان ساڵیش سەرۆکی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە بووە. لە ساڵی (١٩٧٤)، لەگەڵ دەستپێکی هێرشی سەربازیی ڕژێمی بەغدا بۆ سەر باشووری کوردستان و هەڵگیرسانەوەی شەڕ، مامۆستا سەردار هاوشان لەگەڵ زۆربەی ئەندامی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە، چووە ریزی شۆڕش و لەوێشدا لەبەر لێهاتوویی خۆی وەک جێگری سەرۆکی تیپی مۆسیقای شۆڕش دەستبەکاربوو و چەندان چالاکیی هونەرییان لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان نواند. بۆیە ڕژێم مۆڵەتی فەرمی لە تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە ساندەوە و چالاکییەکانی سڕکرد. مامۆستا سەردار لە چەند تیپێکی هونەریی دیکەشدا ئەندام بوو. بە شمشاڵە چریکەدار و فلوتە زێڕینەکەی لە چەندان ئاهەنگی هونەرمەندە ناسراوەکانی کورد بەشداریی کردووە.

لە ساڵی (١٩٨٣)، بەهاریکاریی چەند ئەندامێکی دڵسۆزی تیپەکە، توانرا مۆڵەتی فەرمی بۆ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە وەرگیرێتەوە، دیسان دەستبکەنەوە بە کارە هونەرییەکانی خۆیان و چالاکی ئەنجام بدەن. بۆیە مامۆستا سەردار ماوەیەک سەرۆکی تیپەکە بوو دواتریش ئەندامێکی کارا و جەرگسۆز.

ناحەقییەکی گەورەیە، ئەگەر هەموو ڕەنج و شەونخونی مامۆستا سەردار هەر لە چوارچێوەی کارە هونەرییەکانی ئەو دوو تیپە ئاماژەپێکراوە چڕبکەینەوە. سنوور و فەزای چالاکی و مامۆستایەتیی ئەو هونەرمەندە زۆر لەوە فراونترە، ئەو چەندان خولی فێرکاریی میوزیکی بۆ گەنج و خوێندکارانی کورد کردووەتەوە بە تایبەتی لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو و پتر لە شاری کۆیە. بە دەیان هونەرمەندی بەتوانا لەسەر دەستی ئەو خەملیون و بوونەتە کەسانی شارەزا و بەوەج، کە ئەوانیش بە دەوری خۆیان، لە بەرەوپێشبردنی هونەری

مۆزیک چ لە شاری کۆیە و چ لە کوردستان، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ڕۆڵی بەرچاویان هەبوە و تاکو ئێستاش هەر وەک وەفادارانی قوتابخانەکەی مامۆستا سەردار، بەردەوامن لە خزمەتکردنی هونەری ڕەسەنی کوردی. ژمارەی ئەو مامۆستایانەی کە پەروەردەی بەردەستی ئەون، یان مامۆستای مامۆستاکانیان بووە زۆرن و ئەوانیش خۆیان بەقەرزاری ئەو دەزانن. بەم شێوەیە هونەرەکەی مامۆستا سەردار لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەک، بە ئەمانەتەوە، گوێزراوەتەوە. بێگومان لە بەشێک لەو کارە مەزنەدا، لە وێستگەی جیاوازدا، مامۆستا و هونەرمەندانی دیکەش هاوکارییان کردووە، لەوانە هونەرمەندان:(زاهیر محەمەد، ئەنوەر تاهیر، هەژار محەمەدعەلی، سەرتیپ ئەحمەد، سەفین عەبدولڕەزاق و چەند مامۆستایەکی دیکەش).

مامۆستا سەردار پەپوولە ئاسا ئاوێتەی گوڵی میوزیک بووە، ئەو بیری لە دەوڵەمەندی نەکردۆتەوە، بەڵکو هونەرمەندی، واتا دەوڵەمەندی و شارەزایی لەهونەر بەلایەوە گرنگ بووە، بۆیە بە پشیدرێژی و بێ وچان وەک کەسێکی خاکەڕا مەند و مەستوور خزمەتی دەکرد و منەتیشی لەسەر کەس نەدەکرد، چونکە ڕۆحی بە مۆسیقا گۆش درابوو، بۆیە هەستێکی ناسک و جوانی هەبوو، قسەی لەسەرخۆ و هێمن بوو، کەسێکی تەکبیرکەر و دڵسۆز بوو.

لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا، کە زۆر کەس بەرگەی هەڕەشە و گوڕەشەی بەعسی نەگرت و تەسلیمی ئیرادەی ئەوان بوو، زۆر کەسیش بەپارە کڕدران، بەڵام سەرداری باب سەردار، بۆهونەری کوردی ژیا، ڕابردوویەکی جوانی هەیە، پەرێزی پاکە. هەمیشە لەبەرەی گەل بووە، بەهرە و هونەرەکەی نەفرۆشتووە، بۆیە لە ویژدان و دڵی خەڵک بە نەمری دەمێنێتەوە و هونەرەکەشی وەک نەخشی سەربەد تاهەتایە بەنەمری دەمێنێتەوە.

هەر میدیایەکان نەبوون، کە مامۆستا سەرداریان بە کوردانی جیهان ناساند و ئاشناکرد. لە ساڵی (٢٠٠٥) دا، هاوشان لەگەڵ تیپی ڕێکخراوی هونەرمەنداندا، ئەو بەشداری فێستیڤاڵێکی هونەریی گەورەی لە شاری ئامەد کرد. لە ساڵی (٢٠٠٧)یشدا لەگەڵ شاندێکی وەزارەتی ڕۆشنبیری بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵێکی کەلتووری چۆتە فەرەنسا. ساڵێک پتر لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی ڕانیە، وانەی تیۆر و سۆلفێجی ڕۆژهەڵاتیی بە فێرخوازان داوە و لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شەهید جەعفەریش لە کۆیە، لەسەرەتای دامەزراندنییەوە، وانەی تیۆریی ڕۆژهەڵاتی و ئامێری (فلوت)ی گوتوتەوە.

لە پیشەی مامۆستایەتیشدا، لە سەرەتای ساڵی (١٩٩٨) دەکرێت بە سەرپەرشتاری هونەری، دوای (٨) مانگ، هەر لەو ساڵەدا، وەک سەرپەرشتیاری پەروەردەیی بۆ کاری هونەری لە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی کۆیە دەستبەکار دەبێ تا لە مانگی ڕەزبەری (٢٠٠٨) خانەنشین دەکرێ و لەدەرەوەی پیشەکەیدا بەردەوامیی بە چالاکییە هونەرییەکانی دەدا.

مامۆستا سەردار لە ساڵێ (١٩٦٨)لە گەڵ خاتوو (نەجات فاتیح حەمید عەسکەری)، کە لە خێزانێکی نەجیبزادەی (کۆیە)یە خێزان پێکدەهێنێ. ئەفسووس، لەساڵی (٢٠٠٦) یەکێک لە کچەکانی، خاتوو (بێری) بە نەخۆشی کۆچ دەکات و خەم و کەسەرێکی گەورە لەسەر دڵی باوانیدا بەجێدەهێڵێ، بەڵام دڵنەوایی و سێبوورییان بە (تابلۆخان)ی کچی دێت. مامۆستا سەردار (دوو)کچ و (دوو)کوڕی هەیە، کچەکانی: زۆزان سەردار ئەحمەد لەدایک بووی ساڵی(١٩٧٣)یەو ساڵی(١٩٩٢)بەشی کارەبای لە پەیمانگای تەکنیکیی هەولێر تەواوکردووە. بێری سەردار ئەحمەد لەدایکبووی ساڵی (١٩٨١)، لە ساڵی (٢٠٠٤) بەشی زمانی کوردی لە کۆلیجی پەروەردەی کۆیە - زانکۆی سلێمانی، تەواوکردووە. (ئەوکات زانکۆی سلێمانی بەشی کوردی و عەرەبی لەکۆیە

کردبووەوە و هێشتا زانکۆی کۆیە دانەمەزرابوو، بەڵام دواتر ئەم دوو بەشە وەک پێشینە و دەستپێکێک بوونە هەوێنی دامەزراندنی زانکۆی کۆیە). ناوبراو خێزانی هونەرمەند: ئاری سوبحی کۆیی بوو، ساڵی ٢٠٠٦ کۆچی دوایی کردووە.

کوڕەکانی: بڕوا سەردار ئەحمەد، لەدایکبووی ساڵی(١٩٧٩)یەو ساڵی(٢٠١٧) دکتۆرای لە بەشی کارگێڕی وەرگرتووە. باوان سەردار ئەحمەد، لەدایکبووی ساڵی(١٩٨٧)ەو ساڵی (٢٠٠٨) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەزمانی عەرەبی بەدەستهێناوە .

لە بنەماڵەکەشیاندا، (سەرتیپ)ی برای مامۆستا سەردار کە لە ئەڵمانیا دەژی، توانیویەتی پێگەیەکی باڵا وەک مۆزیکژەن و ئاوازدانەر بۆ خۆی زامن بکات و شوێنپێی برا گەورەکەی وننەکات.

لە ساڵی ٢٠١٦ ، بۆ ڕێزگرتن لە خزمەت و ماندووبونی بەردەوامی مامۆستا سەردار، سەنتەری چالاکیی گەنجانی کۆیە، لەمەڕاسیمێکی خنجیلانەدا پەردەیان لەسەر تابلۆیەکی مامۆستا هەڵدایەوە کە لەلایەن هونەرمەند (هاوکار فریاد)ەوە کێشرابوو.

سەد حەیف و مەخابن، لە کۆتایی ساڵێ (٢٠١٨) باری تەندروستیی مامۆستا بەرەوخراپی دەچێ، دۆست و هاوڕێکانی بەچەپکە گوڵ و خۆشەویستی سەردانی دەکەن، ئەویش دەزانێ کە مۆمی تەمەنی تەواو تواوەتەوە و لە کوژانەوە دایە، بەدەنگە نووساوەکەی سوپاسیان دەکات و دەست بەسنگییەوە دەگرێت و فرمێسکە گەرمەکانی بەرچاوی لێڵ دەکەن و دەبێتە تابلۆیەکی هێندە خەمناک کە ناتوانی فرمێسکی بۆ نەڕێژیت. هەر ئەوکاتە مامۆستا (ئارام سالح) بەڕێوەبەری کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە لە ڕێکەوتی ١٣/ ٢/ ٢٠١٩ ڕۆژی چوارشەممە، ڕێزلێنانێکی شایستە و گەورەی بۆڕێکخست و لە میانی ئەم مەراسیمەدا چەندین وتار لەسەر ژیان و کار و چالاکی و داهێنانەکانی پێشکەش

کرا، کە لە لایەن مامۆستایان (سەفین عەبدولڕەزاق و ئاراز جەلال و ئارەزو ئیسماعیل)ەوە پێشکەش کران و دو پارچە مۆسیقا لەلایەن (پۆلا ئیسماعیل و باهۆز هەژار)ی خوێندکارانی مامۆستا سەردارەوە پێشکەش کران. وێڕای پەخشکردنی دیدارێکی تەلەفزیۆنی، کە ساڵی **١٩٩٧** لە لایەن (ئارام ساڵح)ەوە لەگەڵیدا ئەنجام درابو. هەرچەندە لەبەر ناجێگیریی تەندروستیی (مامۆستا سەردار) لە هۆڵەکە ئامادە نەبوو، بەڵام دواتر خەڵاتی زێڕینی ئاڵای کوردستان لەلایەن نووسەر و ڕۆشنبیر (ڕەهبەر سەید برایم)ەوە گەیەنرایە ماڵەکەی خۆی و پێشکەشیان کرد.

لە ئێوارەی ڕۆژی (١٧) ی ئاداری (٢٠١٩) ماڵاوایی یەکجارەکی لە کورد و کوردستان کرد و جەژنی نەورۆزی لە کوردان دەبێتە ڕۆژی خامۆشی و خەمباری. درود لە ڕۆحی پاکی ئەو هونەرمەندە گەورە و میهرەبان و بەهرەمەندە .

(*)سەکن: لە وشەی (Second) ی ئینگلیزی وەرگیراوە، ئۆتۆمبیلەکانی قەدیمی، بەتایبەتی پاسە تەختەدارەکان، بەهەندرلێدان مەکینەیان بەگەڕدەکەوتن. جا شۆفێر یاریدەدەرێکی لەگەڵ بوو بۆ یارمەتیدانی، پێیان دەگوت: سەکن.

**(٢٣ / ٤ / ٢٠١٩ - لە چلەی ماتەمینیی مامۆستا سەرداردا)**

مەرگێکی خەمناک، خەمێکی نەبڕاوە بۆ ئەو مامۆستایەی کە ئاوازی فلوتەکەی نەک هەر گوێمانی پێڕاهاتبوو، بەڵکو ڕۆحیشمانی پاراو کردبوو، هەژان و ڕاچەنینێکی ڕۆحی بوو، شکانی یەکێک لە کۆڵەگە سەرەکییەکانی ماڵی هونەری کوردی بوو، کە قرچەی شکانەکەی ناڵە و نرکەی هەموو ئەدەبدۆست و هونەردۆستێک بوو. کەسێکی فریشەیی بوو، ئەو تەنها هەر سەری سپی سپی نەبوو، بەڵکو ڕۆحیشی سپی بوو، دەنگی سمشاڵەکەی سیحری سروتێکی پیرۆز بوو، کە گوێگرانی سەراسیمە و مەست و حەیران دەکرد. گوێگرانی پڕپڕ دەکرد لە بخوری پیرۆز و تام و لەزەتی ڕۆحانی.

مەڕاسیمی چلەی مامۆستای نەمر، لە هۆڵی سەرۆکایەتیی زانکۆی کۆیە سازدرا. ئەمەش بڕگەکانی بوو: سەرەتا بە کۆڕاڵی دەفژەنەکانی تیپی مۆسیقای باواجی و پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شەهید جەعفەر، کەژاوەی وێنەی مامۆستا سەردار هاتنە ناو هۆڵەکە و گشت ئەندامان و هونەرمەندان بەدوایدا هاتن.

دواتر بەشێک لە دو پارچە مۆسیقای مامۆستا سەردار(زۆزان و چنارۆک)، لە لایەن تیپی مۆسیقای باواجی کۆیەوە پێشکەش کرا، کە تێکهەڵکێش بو لەگەڵ چەند پارچە هۆنراوەیەکی (سەرکەوت ڕەسول)و خوێندنەوەی (هۆشمەند زاهیر)، لەگەڵ بەرهەمێکی دیکەی هونەری، کە گۆرانییەکی تایبەت بوو بە مامۆستا سەردار، بە ناوی (سەردولکەی شمشاڵ)، لە نووسینی شاعیر(قوباد بەهرەوەر). ئاوازی سەرتیپ ئەحمەد، ئامادەکردنی ئالان عارف، وتنی پۆڵا ئیسماعیل. ئەمەش دەقەکەیەتی:

**(سەردولکەی شمشاڵ)**

(مەڕۆ برا، مەڕۆ برا.. هەیرۆ هەیرۆ)

هەمووومان بۆت بە ئازارین

هەمووومان بۆت خەفەتبارین

بۆت دەگرین وەک چاوی ئاسمان

دەڵێی لافاوی بەهارین

❊❊❊

لە هەرلا شین و ڕۆڕۆیە

مەرگی نەی یا مەرگی تۆیە

بە چاوی ڕۆحت بیبینە

تازیەبارە شاری کۆیە

❊❊❊

(مەڕۆ برا، مەڕۆ برا.. هەیرۆ هەیرۆ)

دار و درەخت، شاخ و کۆسار

کانی و ئاو و جۆگە و جۆبار

وەکو ئێمە شیوەنیانە

بۆ کۆچی مامۆستا سەردار

❊❊❊

با شای شمشاڵ دڵنیابێ

هەتاکو دونیا دونیابێ

ڕۆژی ئەو قەت ئاوا نابێ

هەزار مەرگی لەڕێدابێ

❊❊❊

شنەی با، بۆنی ڕازیانە
نەرمە لەنجەی مەندیلانە
سەدای نەغمەی غەریبیتن
وەک تۆ ئەژین لە ناخمانا
(مەڕۆ برا، مەڕۆ برا.. هەیرۆ هەیرۆ)

❊❊❊

لەگەڵ چەند (وتە و هۆنراوە و پەخشان) ێک، کە بۆ ڕێزلێنان لە مامۆستا سەردار خوێنرانەوە. هەروەها بەخشینی پەیکەرێکی مامۆستا سەردار بە دۆست و هاوڕێ و بنەماڵەکەی، کە لەلایەن (هاوڕێیانی ئارامیی ڕۆح) ئامادەکرابو، بڕگەیەکی دیکەی مەراسیمەکە بو.

**(وتەی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە)**

مەرگ بەشێکە لە ژیان، مەرگ و ژیان هاوتای یەکترین و هەرساتێ مرۆڤ پێی خستە نێو ژیانەوە، مەرگ دەست پێدەکات.

لەڕاستیدا هەر ڕۆژێک کە زیندووین، ڕۆژێکمان لەمەرگ دزیوە، بەڵام مرۆڤ بە ئاکار و گوفتار و کرداری چاک دەتوانێ دوای مردنیشی لە نێو هزر و بیری مرۆڤایەتیدا، بەزیندویی، بمێنێتەوە.

مامۆستا سەردار، سەرداری هونەرمەندانیش، بە ئاکار و گوفتار و کردارە جوانەکانی، کە لە ژیانیدا بە مرۆڤایەتیی بەخشیون، بەڕاستی لەیادکردنی، بەتایبەت بۆهونەرمەندان، زۆر سەختە. بۆیە تا هونەر لەسەر ئەم زەمینە بمێنێ، ئەوا لەگەڵ دەنگی نۆتە و هەرچی ئاوازی نێو سروشت و ژیان هەیە، یاد و یادەوەریی مامۆستا سەردار بەزیندویی دەمێنێتەوە.



## (ماهیەت و پێگەی هونەریی مامۆستا سەردار ئەحمەد)

## ئارەزوو ئیسماعیل

ئەو تەنها مامۆستایەکی سادە و ساکارە، بەبێ ئەوەی هیچ پۆست و پلە و پایەیەکی هەبێت، لە بەرزترین پێگەکانی ئەم وڵاتەدایە؛ بەو هۆیەی ئەو مامۆستایەکی ڕاستەقینە و دڵسۆزی هونەر بوو، لە نێو هونەریشدا "موزیک" کە جوانترینی هونەرەکانە.

مامۆستا سەردار خۆی مۆسیقایە، کە مۆسیقا بەگفت و وشە وەسف ناکرێت، منیش ناتوانم بە وشە پێناسەی ئەو زاتە بکەم و دەربەست نایەم. بۆیە لە باسی وەسفی ئەو لادەدەم و دێمە سەر بەشێک لە ماهیەتی ئەو کارانەی کە لە نێوەندی هونەریدا کردوویەتی.

هونەری ئەو لەنێو کڵاوڕۆژنە و کونی ئەو شمشاڵە ئاسنەی لە دەستپێکی بەیەکەوەنانی گروپێکی موزیکی قوتابخانەوە دەستپێدەکات، کە لەسەر دەستی مامۆستای گەورەمان مامۆستا باکوری بنیاتنراوە و دواتر بە تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە دەناسێنرێت.

کەواتە "سەردار ئەحمەد" لەنێو دەستپێکی مێژووی "مۆسیقای ئامێری" ی ئەم شارەدا بوونی هەیە و مامۆستا سەردار خۆی مێژووە. ناچمە نێو باسی ئەو مێژووە، چونکە لەوانەیە کەسانی تر لەمن جوانتر باسی مێژووی هونەریی ئەم زاتە بکەن...

بۆ ئەم دەرفەتەی ئێستا زۆر بەکورتی تیشک دەخەمە سەر چەند لایەنێک.

یەکەم: بەدەر لەوەی کە دراوسێمان بوو و دیواری ماڵەکانمان بەیەکەوە بوو، هەر لە منداڵییەوە لە دیوی ماڵی خۆمانەوە گوێبیستی ئەو دەنگە سیحراویەی "شمشاڵ" ەکەی دەبووم، کە تا ئێستاش ئەو دەنگە لەنێو هزرمدا دەنگدانەوەی هەیە و دەزرنگێتەوە. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٨٤ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە دەستی بە کارەکانی کردەوە و مۆڵەتەکەی بۆ گەڕایەوە، لە خانووەکەی "حاجی پاشای" ڕەحمەتی، بۆ یەکەمجار شەرەفی ئەوەم پێبڕا بە سیفەتی فێرخوازێک بەرامبەر ئەو زاتە دانیشم و وەک کۆڕس، دواتر وەک ژەنیاری "ئیقاع" لێی فێربم. لە ڕێککەوتی ٧ / ٦ / ١٩٨٦ لە سەنتەری گەنجان "مرکز شباب" یەکەم وانەی نۆتەی مۆسیقام لەسەر دەستی ئەو مامۆستا مەزنە وەرگرت و ماوەی (٩)مانگی نەخایاند، لە تیپێکی (٢٢)کەسیدا و بە (٩)بەرهەم جوانترین نمایشی مۆسیقا و گۆرانیمان پێشکەش کرد و لە چەندین فێستیڤاڵی ساڵانەی گەنجان لە سەر ئاستی هەرێم پلەی یەکەممان بەدەستهێنا. دواتر لە ساڵی ١٩٨٧ ئەو تیپەمان ناونا "تیپی مۆسیقای حاجی قادری کۆیی"، لە ساڵی ١٩٨٨ یەکەم کاسێتی دەنگیمان بۆ "ئیسماعیل شەیدا" بەرهەمهێنا و لە کۆی (٨) بەرهەم (٧)بەرهەمیان نوێ بوون و ئاوازی خۆمان بوو، سەری ساڵی ١٩٨٩ بڵاومان کردەوە.

لە گێڕانەوەی ئەو مێژووەدا مەبەستم بوو تیشک بخەمە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١ .کاریگەریی ئەو لەسەر منداڵیی ئێمە و چەندین منداڵی تری ئەم شارە کە وانەی سرود و گۆرانیی پێگوتون.

٢ .خێراییی فێرکردن و گەیاندنی وانەکان و ڕێکخستنی گروپێکی لەو شێوە و قەبارەیە بە نۆ بەرهەمی هونەری، کە یەکێک لەوانە پارچە مۆسیقای "سەمای کۆچەری- الرقص الغجری - غانم حداد" بوو، کە موزیسیاران دەزانن کە پارچە مۆسیقایەکی ڕۆژهەڵاتیی چەند ئەکادیمی و گران و زەحمەتە. ئەمە لە ماوەی (٩) مانگدا لە ئێستادا کارێکی ئەستەم و ناوازەیە.

٣.هێنانی کچەکەی خۆی و کچی هاوڕێکانیشی بۆ ناو ئەم گروپە، کاریگەرییەکی تەواوی هەبوو لەسەر ئەوەی ژمارەی کچ و کوڕان لە گروپەکەدا وەک یەک و بەرامبەربن. کە من وای دەبینم هیچی لەو هەڵوێستەی زاتی موبارەکی مەلای گەورە کەمتر نییە کە لەو سەردەمەدا لەگەڵ کوڕان کچەکەی خۆی دەنێرێتە مەکتەب. (بە لەبەرچاوگرتنی ئەو حاڵەتە- کە پێشووتر لە کۆیە هەبووە و تا ڕاددەیەک ئاسایی بوو).

٤ .کۆی ئەو ئەندامانەی لەناو ئەو گروپەدابوون، زۆر بە خێرایی و لە ماوەی (٩) مانگدا فێری خوێندنەوەی نۆتە و ناسینی سکێڵەکانی موزیک و مەقامە ڕۆژهەڵاتیەکان و ڕیتمەکان بووین.

٥ .لەو ماوەیەدا ئەو بەتەنها فێری نۆتەی موزیک و ژەنین و گۆرانیی نەکردین، بەڵکو فێری ئەدەب و ڕەوشت و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی و لەخۆبردوویی کردین، فێری کردین لەکوێدا هونەر و داهێنان و ئەفراندنەکانمان پێشکەش بکەین، فێری کردین نیشتمان و موزیک و یەکتریمان بەقەد خۆمان خۆش بوێت.

دووەم: ئەو تـــۆنـــەی لە نێو فلوتەکەیدا هەیە، لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو ژەنیارە بەتوانا و پڕ تەکنیکەی ئامێری فلوت لە کوردستانی گەورەدا، بەلای من هیچیان ناگەنە ئەو تۆنە پاک و سیحراوی و حەزینەی کە لە فلوتەکەی مامۆستا

سەردارەوە دەردەچێت. وەک ئەکادیمیستێتک دەبێت ئەوە بڵێم: کە تۆنی ئەو فلوتەی باسی دەکەم، لە ئێستادا، بەشێک لەو حوزنە، گوێزراوەتەوە بۆ نێو فلوتەکانی هەدوو فێرخوازی ئەو "باهۆزی مام هەژار و پۆڵا ئیسماعیل" و ئەو حوزنە تەنها و تەنها لەوێدا دەبیستم.

سێیەم: مامۆستا داهێنانێکی گەورە لە ئامێری فلوتدا دەکات، کە لەو سەردەمەدا بوونی نەبووە، چارەکە تۆن بۆ ئامێری فلوت دروستدەکات و وەک ئامێرێکی ڕۆژهەڵاتی بەکاری دەهێنێت، هەروەها هەندێک جار بەبێ "سەری ئامێرەکە" فلوتەکەی دەژەنێت لە شێوەی ئامێری "شمشاڵ". مامۆستا ئەم داهێنانەی ناشارێتەوە و بەخیلی ناکات، جیا لەوەی فێری هەموو فێرخوازەکانی دەکات، من چەندین جار بەچاوی خۆم بینیومە لە سەرتاسەری کوردستانەوە ژەنیارەکانی فلوت هاتوون و چۆنیەتیی بەکارهێنانەکەی فێرکردوون و ئەو پارچەی کە لە ئامێرەکە زیاد دەکرێت وەک دیارییەک پێشکەشی کردوون. (ئەو هەمیشە چەند دانەیەک لەو پارچانەی لە باخەڵەکانیدا هەبوو کە بە دەستی خۆی دروستی دەکردن، دەیدا بەو کەسانەی کە پێویستیان پێیدەبوو).

چوارەم: مامۆستا سەردار، تەمومژ و شاراوەیی و نادیاریی لەسەر چەندین گۆرانیی کوردی ڕەواندۆتەوە (بەتایبەت گۆرانییەکانی کۆیە)، ڕیتم و ئاواز و مەقامەکانی جێگیر کردوون و ئامادەکردنی مۆسیقای بۆ کردوون، بە شێوەیەک کە هیچ کاریگەرییەکی خراپی لەسەر گۆرانییەکە نەبووە، لە ڕووی مۆرک و ناوەرۆک و شیعر و ئاوازەوە. بە پێچەوانەوە بەهۆی ئامادەکاری و دەستڕەنگینییەکانی ئەوەوە زۆرێک لە گۆرانییەکانی لە نێو دیوەخانەکانەوە گواستۆتەوە بۆ نێو موزیکی کوردی و وەک بەرهەمێکی کوردیی ڕەسەن و ئەکادیمی دەتوانرێت ببیسترێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. زۆربەی ئەو موزیکانەی کە بۆ گۆرانییەکانی داناوە

هێندە تۆکمە و جێگیر و ناوازەن زۆر جار بە بیستنی مۆسیقای سەرەتای گۆرانییەکە گوێگر دەزانێت کە چ گۆرانییەکە.

پێنجەم: هەموو ئەو گروپ و تیپ و ڕێکخراوە موزیکیانەی کە لە وراتی کۆیە هەن، هیچ گروپێکیان نییە کە لقێکی لە ڕووبار و تافاوەکەی مامۆستا سەرداری بەرنەکەوتبێــت، هەر هیچ نا چەندین فێرخوازی ئەو لەناو ئەو گروپ و تیپانەدا هەن و هەمووشیان جێپەنجەیان دیارە. دەمەوێت مامۆستا بەو ڕووبارە گەورەیە بچوێنم کە چەندین لقی لێبۆتەوە و چەندین زەویی پاراو کردووە، بەخششی خۆی بەسەر هەموویاندا دابەشکردووە.

ئەمە جیا لەوەی کە لە دەرەوەی ئەو سنوورە و لە سەرتاسەری کوردستان مامۆستایان و فێرخوازان هاتوون زانیاری و وانەی بەسوودیان لە مامۆستا وەرگرتووە.

شەشەم: پێویستە هەڵوێست و مەردایەتیی مامۆستا سەردار لەبیر نەکرێت، چەندین جار لەسەردەمی بەعس دەیانویست بیکەن بە موڵکی خۆیان و چەندین جار جیا لەوەی کە زەختی لێدەکرا، تەماحی زۆری دەخرایە بەردەم، بەڵام ئەو کارەی نەکرد و خۆی نەفرۆشت.

وەک وەفای فێرخوازێک بۆ مامۆستاکەی:

*لە ساڵی١٩٩٤ دا، کە ئەوکات بەڕێوەبەری هونەریی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کۆیە بووم، لە چوارەم فێستیڤاڵی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکاندا لەسەر پێشنیازی من مامۆستا سەردار وەک میوانی شەرەفی فێستیڤاڵ لە ژەنینی بەرهەمەکاندا بەشداریی کردین و ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبوو، بەتایبەت لە نامەی دووەم بۆ شارەکەم. (بێگومان ئەمە بە ڕەزامەندیی دەستەی بەڕێوەبەری ئەو کاتی کۆمەڵەکە بوو).

- له‌ دانیشتنێکی ئاسایی هاوڕێیانی موزیسیاندا له‌ چناروک، له‌ گازینۆ خڕه‌که‌، پێشنیازی ئه‌وه‌م کرد که‌ له‌ نێو په‌یمانگه‌ په‌یکه‌رێک بۆ مامۆستا "سه‌ردار ئه‌حمه‌د" دروست بکرێت تا زیندووه‌ و له‌سه‌ر شه‌نگ و تاقه‌تی خۆیه‌تی. ئه‌و په‌یکه‌ره‌ ئێستا له‌ په‌یمانگه‌یه‌، که‌ به‌داخه‌وه‌ له‌ ڕۆژی په‌رده‌ له‌سه‌ر لادانه‌که‌ی نه‌متوانی ئاماده‌بم، به‌هۆی ئه‌وه‌ی ئه‌وکات تاقیکردنه‌وه‌یه‌کی گرنگم هه‌بوو له‌ کۆلێژی هونه‌ره‌ جوانه‌کانی هه‌ولێر.


- له‌ هه‌شته‌مین فێستیڤاڵی په‌یمانگه‌ی هونه‌ره‌ جوانه‌کان، وه‌ک ڕێزلێنانێک له‌ هه‌وڵ و ماندوبوونه‌کانی مامۆستای گه‌وره‌مان، به‌ ئاماده‌بوونی به‌ڕێز مامۆستا "حاجی برایم" به‌ڕێوه‌به‌ری گشتیی په‌یمانگه‌کان و مه‌شقکردن و نوێنه‌ری وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌ "فلوتێکی زیو"م پێکشه‌ش به‌ مامۆستا کرد، ئه‌وکات له‌ کاتی پێشکه‌شکردنه‌که‌ گوتم: "فلوتی زێڕ نه‌بوو پێشکه‌شی بکه‌م، ئه‌گینا مامۆستا شایه‌نی فلوتی زێڕه‌، به‌ڵام من پێتده‌ڵێم: "مامۆستا سه‌ردار، به‌ڕاستی تۆ گه‌وهه‌رێکی ده‌گمه‌نی."

- له‌ چله‌ی ماته‌مینییه‌که‌یدا جگه‌ له‌وه‌ی که‌ به‌رهه‌مێکی کۆڕاڵیم ئاماده‌ کردبوو له‌ ئاوازی خۆم و هۆنراوه‌ی خوالێخۆشبوو "قادر به‌شدار"، که‌ پلان وابوو هه‌موو هونه‌رمه‌ندانی کۆیه‌ و فێرخواز و هاوڕێیه‌کانی به‌شداریی ئه‌و کۆڕاڵه‌ بکه‌ن و له‌ ناو جه‌ماوه‌ره‌وه‌ کۆڕاڵه‌ ساده‌که‌ بڵێنه‌وه‌، به‌ڵام ده‌سته‌ی کارگێڕیی ئێستا نه‌یانهێشت ئه‌و به‌رهه‌مه‌ پێشکه‌ش بکرێت به‌بێ ئه‌وه‌ی گوێبیستی بووبن و هیچ بیانوویه‌ک هه‌بێت... ئه‌وه‌ی که‌ زۆر به‌ په‌له‌ له‌ چله‌ی ماته‌مینییه‌که‌ توانیمان بیکه‌ین په‌یکه‌رێکی مامۆستا بوو له‌ شێوه‌ی مه‌دالیا، له‌ دارشتن و به‌قاڵبکردنی هونه‌رمه‌ندی په‌یکه‌رتاش "کاوان قادر"، له‌ ڕێگه‌ی په‌یوه‌ندیی به‌ڕێز کاک "ئاراس محه‌مه‌د" له‌ "پێگه‌ی ڕۆشه‌نبیریی ئۆتاوا" له‌ "که‌نه‌دا". له‌لایه‌ن په‌رله‌مانتاری خولی پێشوو "گۆران ئازاد حه‌مه‌گه‌محان" سپۆنسه‌ری کرا و له‌سه‌ر ئه‌رک و

ماندوبوونی "هاوڕێیانی ئارامیی ڕۆح" جگە لە دانەیەکی برۆنز کە پێشکەشی خانەوادەکەی کرا، زیاتر لە (٢٥)دانە لە قاڵبدرا و وەک دیارییەک بۆ ڕۆحی "مامۆستا سەردار" و وەک وەفایەک بۆ خزمەت و هونەرەکەی پێشکەش بە لایەن و کەسانی شایستە کرا.

ئەی مامۆستام... تۆ گەورەترین گەوهەری نێو ئەو ملوانکەی کە لە ناوەڕاستەوە مروارییە بچووکەکانی تر بەیەکتری دەبەستێتەوە. بە زانست و هونەر و ئاکارەکانت، نەوەکانی خۆت و نەوەی دوای خۆت بەیەکتری گرێدایەوە.

بنوو ئەی مامۆستام بنوو... بە ئارامی بۆ هەمیشە بنوو، ئەی سەردارم... ئێمە هەمووومان درێژەپێدەری ڕێچکە و خەباتی تۆ دەبین، تۆش بۆ هەمیشە لەدڵی ئێمەدا، لەگەڵ ئەم کاروانە بوونت هەیە و گەورەتر دەبیت... بۆ هەمیشە ماڵئاوا، ئەی مامۆستام.. سەردارم..



**(دەربارەی هونەرمەندی هەمیشە زیندوو (باب سەردار)**

**ئەنوەر قەرەداغی**

من لە ساڵی **١٩٦٧** ەوە ئەم هونەرمەندە گەورەم ناسیوە. دوای ئەوەی سەردانێکی شاری کۆیەی ئازیزم کرد، بە داوەتنامەیەک لەلایەن برای خۆشەویستم هونەرمەند (زاهیر مەدانە) ەوە، کە سەرپەرشتیاری تیپی مۆسیقای باواجی بوو ئەو سەردەمە، بۆ ماوەی دوو هەفتە لە میوانداریياندا بووم. لەم ماوەدا زۆر لە هونەرمەندانی کۆیەم ناسی، کە جێگەی خۆشحاڵیم بوو، لەناویاندا ئەم هونەرمەندە دەسترەنگینە، کە ژەنیاری ئامێری فلوت و نای بوو. ژەنینی بۆ ئامێرەکەی زۆر سەرنجی ڕاکێشام، زۆر پرسیارم لەسەر کرد، کە هەموو وەڵامەکانی بۆ من دڵخۆشکەر بوو، لە ئاستی هونەری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و هەموو بوارەکانی تر؛ ئەمە وای لێکردم زیاتر برادەرایەتی لەگەڵ بەهێزکەم وەک ئەوەی بڵێیت بۆماوەیەکی زۆربێت ناسیبێتم. سەرسامبووم بە کەسایەتیی لە ڕووی هونەری و کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری و هەستی نیشتمانپەروەرییەوە. بۆیە ئەو ماوەی لەوێ مامەوە هەستێکی زۆر خۆشم لا دروست بوو، کە ئەم پۆلە هونەرمەندەم لە نزیکەوە ناسی. لەبەرئەوە دواتریش پێم دانەبڕی لە هاتوچۆیان و قسەکردن لەگەڵیاندا دەربارەی ئاستی مۆسیقای

کوردی و چی بکرێت باشە بۆ بەرەو پێشخستنی، بەتایبەت لە کاتی فێستیڤاڵەکان و ئەو بۆنانەی سازدەکران، زیاتر لەگەڵ خوالێخۆشبوو و مامۆستا زاهیر ئەم گفتوگۆیانەمان دەکرد. لەگەڵ خوالێخۆشبوو هەرچەندە یەکترمان دەبینی باسمان لە مەقامەکان دەکرد، کە زۆر هەبوون لەو وتووێژانە وەک پێویست تێنەدەگەشتن کە باسمان لێوە دەکرد. بەڕاستی ئەم زاتە گەوهەرێکی زۆر گەورەبوو لە ناو هونەری کوردیدا .. زۆر جار هەوڵی دەدا گۆڕانکاری لە ئامێرەکەیدا بکات، بە جۆرێک زیاتر بیگونجێنێت لەگەڵ مۆرکی کوردیدا کە ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو، کردیشی؛ لە چەند گۆرانییەکی تیپی باواجی بە سەرکەوتویی بەکاریهێنا .

سالی ١٩٧٤، کاتێ پەیوەندیمان بە شۆڕشەوە کرد، تیپی مۆسیقای شۆڕشمان دروستکرد، یەکێک بوو لە ئەندامە چالاکەکانی، کە نموونەی هونەرمەندێکی بەرپرس بوو لە هونەری میللەتەکەی. بە هێمنی کارەکانی بەرجەستە دەکرد. لەگەڵ برادەران کەش و هەوایەکی خۆشەویستیمان لە نێوان برادەراندا دروست کردبوو، لەگەڵ ئەو هەموو نارەحەتییانەی توشمان دەبوون کە لێرەدا جێی نییە باسی بکەین.

کە شۆڕشیش هەرەسی هێنا، ئەو لە کاری هونەریدا وەک ژەنیارێکی بە توانا هەر بەردەوام بوو لەگەڵ تیپی هونەریی هەولێر بە توانایەکی دیار، کە گوێی هەموومانی بە ژەنینەکانی ئاشنا کردبوو، لەو گۆرانییانەی ئەو سەردەمانە بڵاویان دەکردەوە، کە تائێستەش گوێگرێکی زۆریان هەیە. لە هەموو ئەو ئاهەنگانەی کە دەکران و ئەوی تیادا بەشدار دەبوو، دەنگی شمشاڵەکەی هۆڵەکەی دەهەژاند، وەک سونبولێکی جوان بە سەرە سپییەکەیەوە، بە ویقارەوە لە ناو هاوڕێکانیدا دیار بوو.

ئەوەی جێی سەرنج بوو زۆر جار پێم دەوت بۆ خەریکی ئاوازدانان نابی؟ دەیووت من حەز دەکەم یەک کار بکەم ئەویش ژەنینی ئامێرەکەمە، مەبەستی (شمشاڵ یان فلووتەکەی) بوو، هەر واشبوو، ژەنینی باب سەردار ژەنینێکی نموونەیی بوو، کە پڕاوپڕ هەقی بە ژەنینی ئەو ئامێرە دەدا...

هەزاران سڵاو و ڕەحمەت لە گۆڕی پڕ نورت باب سەردار، سونبولە جوانەکەی هونەری کوردی. هەمیشە لە یادت ناکەین و زیندو لە دڵماندا دەمێنیتەوە.

٢٠٢٠/٣/٦



## (سەرداری باب سەرداری، شای شمشاڵ و فلوت)

### ڕەهبەر سەید برایم

بۆ مێژوو، لە مێژە کۆیە بە مەکۆی هونەر و ئاواز و گۆرانی ڕەسەنی کوردی دەرکەوتووە، مەڵۆیەک بەهرەدار و داهێنەر و هونەرکار و خۆشخوانی لێهەڵکەوتووە. لە دەستنوسێکی کتێبخانەی جەلیزادان، بەڵگەی مەقام و خەتخۆشی دەکەوێتە بەر دیدە و یادان، نزیکەی بەر لە (٦٥٠) ساڵ، مەقام وخەتی خۆش لە کۆیە بۆتە موڵک وماڵ. لە کتێبی ئیمام نەوەوی بە ناوی (الازکار)، کۆییەک بە ناوی (عومەر کوڕی خدر کوردی) خۆشخەت و مۆسیقار، مەقامی ڕۆژهەڵاتی لە ڕۆژئاوای عەرەب بڵاوکردۆتەوە، زاتەن ئەو زاتە مەزنە ناویان لەبیر چۆتەوە، گوڵ دەوەرێ، دڕک دەمێنێتەوە. زانای مەزن مەسعود محەمەد دەڵێ: مۆسیقاری هەرە زلی ئیسلام ڕەوشەنبیرێکی کۆیی بوو. ڕاستی بۆچووە، مەبەستی لە عومەری کوڕی خدری کوردی بووە، مەلای گەورەی کۆیە فەرموویەتی: لە کوردستانی ئێران گۆرانی کە دەبوو پەیدا، لە سلێمانی تەوش وتراش دەکرا، لە شاری کۆیە لە چەرخ دەدرا. ئەو ڕاستییە سەلمێندراوە، کە عەبدولواحید ئاغا مستەفا نۆتەی لە مۆزیکی کوردی هێناوەتە ئاراوە. سوڵتان موزەفەرەدین یەکەم کەس بووە مۆسیقا و گۆرانیی هێناوەتە قەڵای هەولێر و دەشتی شارەزوور، مۆرکی کوردن دەف وتەپڵ و دەهۆڵ و زوڕنا و دوزەلە و

شمشاڵ و کەمانچە و تەنبوور، پەندێکی باوە کە دەڵێن، عەرەب وێن تەنبورە وێن. مۆزیک و مەقام بۆتە میراتێکی کۆنی کۆیە، بۆیە بەو هۆیە، (جەلال حەویزی، کەمانچە و قادر ئاغای سلێمان ئاغای محمەد ئاغا، قانون و مەلا فەتحوڵڵای مەلا عەباسی غەرافۆن)یان هێناوەتە کۆیە. مەلا ئەنوەری تایەری مام خدری ساڵحی (١٩٤١-١٩٩٦ کۆیە) یەکەمین قانونژەنی ئەکادیمی بووە لەناو کوردا، (مەشقی چی یە پەروانە لەگەڵ شەوقی چرادا). ئەشقی مۆزیک لە کۆیە گەیشتۆتە کەشکەلان: لوتکەی مۆزیک و کێشکێ و فاتمەلان، جوولەی دار و ئاو و ئاهەنگی مەلان. زایەڵەی زوڵاڵ سۆز و سۆلۆیە، سەرچاوەی هونەرە وراتی کۆیە. مەل بە ئاواز، مرۆڤ بە گفتوگۆ، کۆیە بە هونەر و زانست و سیاسەت دەناسرێتەوە، بە مێشک وشک و قینلەدڵ و فەرامۆشی، مێژووی کۆیە ناسڕدرێتەوە. مانگ تریفەی خۆی دەدا هەرچەندە گورگ بلورێنێ، وەڕینی سەگ زیان بە هەور و ئاسمان ناگەینێ! مۆزیک زمانی هەموو مرۆڤە، وتووێژی فریشتەکانە، ڕەنگدانەوەی ژیان و دەنگدانەوەی دیمەن و سروشتەکانە. مانگ و ئەستێرە و هەتاو، گەوهەری ئاسمانن، مۆزیک و گۆرانی، ئارامی و بەختەوەریی گیانن. مۆزیک بۆ گەردوون، ڕۆح و عەقڵ و باڵە، خۆشی دەبەخشێت گەشتی خەیاڵە. ڕەهەندی ڕوحانییە، ئاسوودەی ویژدانییە. لەشارەکەی کۆیە لەو ئولکە، فەرخە شالووری تروکا لە هێلکە، گریان و زیقەی (مۆسیقا)، تاکو باڵی دا لە شەقا، مام ئەحمەد دای لە قاقا. هەڵفڕی بۆ سەردار، ناونرا سەردار، مام ئەحمەدی مامە عەدە ناسرا بە باب سەردار. نۆبەرەی کوڕ بوو، بەختی پڕ بوو، دوور لەچاو وزار، کۆرپەکەی کغەکغی بووغە بووغی کۆتر بوو، گوێ مۆسیقی و گڕوگاڵی زیاتر بوو، شەقشەقۆکەی ناولانکی، لەگەڵ لایەلایەی دایکی، بۆ نۆبەرەی ناز، دەبوون بەسۆز و ئاواز. باب سەردار، وەک درەختێکی بەردار، نەدار و دەلاڵ بوو لەگەراج، بە سەپانی خۆی نەدەزانی شای تەخت وتەراج. پەنجە

ئەستوورەکانی لێکدەدا و دەچووقاند، بەپارەی ئاسن ئاوازێکی وای دەخوڵقاند. بەرەبابی باب سەردار کۆیین، بەڵام بە ڕەچەڵەک بە هۆز ئاکۆیین. سەردار بە منداڵی، عەشق و خولیا و خەیاڵی، خوی دابوە نایە و شمشاڵی. بە هەناسە و پەنجەی دەست، دەیبزواندن هەست و نەست. لەناو ئامێرێکی فوودارى کونکون و بۆش، خەڵقی دەکرد ئاوازی بەجۆش و خرۆش و خۆش. چرا و مۆم و لالە دەکوژێتەوە بەفوو، ئەو کە فووی پێدادەکرد مانگەشەو پەیدا دەبوو! مامۆستا سەردار سەری بەرزە، زێرینە تاجی، یەک لە دامەزرێنەرانی بەردی بناغەی تیپی مۆسیقای باواجی، بە دەنگ و ڕەنگ و سەنگ و ڕەواجی. لە بەغدا ساڵی **١٩٦٧**، لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەرچووە و سەرکەوت، وەک ژەنیارێکی ئەکادیمی دەرکەوت و هەڵکەوت. حەرفی مەکتەبی خوێند لە کۆیە و بەغداد، بوو بە مامۆستای مۆزیک و ئوستاد. لە قامیش و دار و ئاسنی ڕووت، داهێنانی داهێنا لە شمشاڵ و فلووت. دار و ئاژەڵ و گوڵ و مەل و پەپوولە، دەکەوتنە سەما و خۆشی و جۆش و جوولە. ڕەنگاڵە و چۆلەکە و کۆتر و ڕیشۆڵە و بولبول هەڵدەفڕین، کۆدەبوونەوە لەسەردار، کە سەردار شمشاڵی بۆ دەژنیین. گوێیان هەڵدەخست بەو چەشنە، بە ڕوح دەبون ئاشنا. لەشیوی ڕەزان و ناو باخان، لە قۆنگرەی سەرشاخان، کە شمشاڵی لێ دەدا، دەبوو بە سیمفۆنیا و سەدا. دار و گیاندار و مار و باڵدار و دیوار دەبوون بە گوێ! دەکەوتنە ماتی وخۆشی و بۆی دەهاتنە سوێ! لە ڕەگی ڕۆح و لەدەنگی قوڕگ و لە قامکی یاقووت، داهێنانی دەخوڵقاند لە شمشاڵ و فلووت. سۆزی ئاوازی، زایەڵەی سازی، باخچەی گوڵ ڕێژبوو ڕۆحی دەگەشاندەوە، گوڵ و درەختی دەلەراندەوە، بەسۆزی شمشاڵ، بەشنەی شەماڵ، هەست پێدەکرا ڕۆحیان تێدایە دار و درەخت و گوڵ، نەک هەر گیاندار و مار و مەل و بولبول، بە ئاوازی خۆش، مەست بوون مەدهۆش، کە ئامێرە فوویستەکانی دەژرنگایەوە، بەهونەری دەهێنایەوە، دەنگی دەدایەوە،

قافڵەی لە عەجەما دەگەڕاندەوە، بووکی کەرکووکی جوانتر دەڕازاندەوە. گۆرانیی بووکی کەرکوک هێند هێسک سووکە، وەک کۆترێکی پێ بەتووکە. (یارەکەم دەڵێ بووکە جوانی شاری کەرکوکە شمشاڵێکی بۆ دەنێرم دارەکەی بەڵالووکە شنەی شەماڵ لەو لایە لەشنەی شەماڵ دایە). بە هەناسەی دەم و لووت، کەپەنجەکانی دەبزووت، لەسەر شمشاڵ و فلووت، لەگەڵ جوانیی مانگە شەوا، دەبووە یەک ئاواز و نەوا، خۆش دەبوو کەش وهەوا! (لەگەڵ ئەو مۆسیقایە کە شایانی سەمایە) سرودی ئاگرین و مارشی شەڕ بۆ سەرباز و چەکداران، هاندانی شەڕە و حەماسەت خولقێنەرە بۆ کوشتن و خوێنڕشتن و ئاگرباران. ساڵی ١٩٧٤ لە دەست پێکردنەوەی شەڕ و هێرش، مامۆستا سەردار، دەبێ بەشدار لە تیپی مۆسیقای شۆڕش، بەفلووت و شمشاڵ نەک بە ڕەشاش، لە شاخ و ناو دار و بەرد و تەراش! بۆ دڵسۆزی و کوردایەتی، هونەر سێبەرە بۆ مرۆڤایەتی!! مامۆستا سەردار، وەک ژەنیارێکی ڕێزدار، شیعرەکەی گۆران بۆ دەروێش عەبدوڵڵای بەهرەدار، نایگرێتەوە سەرداری باب سەردار، چونکە خۆشەویست وڕێزلێگیراوبووە لە ناو دۆست ودوژمندا!. بەڵێ وا دیارە لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لێخندا، بەڵام تەختی ڕەفاهو تاجی حورمەت میللەتی هۆشیار بە ئوستادێ ئەدا وەک تۆ لەناو شمشاڵی کون کوندا کام گوڵی گوڵزار، بلوێری شوانی دەوڵەمەندترین مەڕدار، بولبولی سەردار، قەت ناگاتە بەهرەی مامۆستا سەردار، بەرزە ناوبانگی، وەک ئەستێرە و مانگی، نە دەروێش عەبدوڵڵا نە قالە مەڕە، ناگەن بە ئاستی سەردار، چونکە ڕیزپەڕە، لوتکەی هونەرە، ئەکادیمی و ڕاهێنەر و داهێنەرە. چەندان هونەرمەندی پێ گەیاندووە، لە باخی هونەر گوڵی جوانی چاندووە، لە کونی ئامێرە فوودارەکەی، لە فلووت و شمشاڵە کانزا و دارەکەی، بە ئەفراندن و ئەفسووناوی، بە ئاوازی سیحراوی، چریکەی بولبول، نۆتەی شالوور، قاسپەی کەو، ئاوێتە دەبوون لەگەڵ

جوانیی دیمەن و مانگەشەو، سەردار سەرداره شتاقه ژەنیار ناگەن بە ئەو، جێ کونی ئامێرەکەی ببووە کونە کۆتر و هێلانەی بولبول و گەرووی ئاوازی مەلان، بۆ شنە باو هارمۆنی وریتم نۆتە ببووە! (دەروێش عەبدوڵڵا) تێکچووە زەوق ومەزاجی کوردەواری، لەهیچ لایێ، دەخیل و هاوار دەنگی شمشاڵ نایێ، نە لەچنارۆک و باواجی، نە لە کۆیە و کۆساری، نە لە شانۆ و گەشتیاری، بولبول خامۆش بوو، کاتێ نەخۆش بوو، دەپاڕاینەوە، دەمانگوت دەهەستەوە، بەو سۆز و هەستەوە، بەو دەم و لێوە، قامکان ببزێوە، بە شمشاڵ و فلووت، وبەهەناسە و فووت! دەرسێکی مۆسیقا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان بڵێرەوە، بەزمێ ساز بکە بە گۆرانی و بلوێرەوە، ئاواز و سۆزێ، عەرش بلەرزێ! (سەحەر بێنێتە گریان و قسە سحری پەری نەغمە) (گوڵ و گوڵزار، دار و درەخت دەگریەن ئاوی چاویان شەونمە). مردن چرکەیەکە و ژیان تەمەنێک، ئەوانەی پاڵەوان بوون ڕمبەی پێیان دەهات زەمەنێک، ئەمێستا لەژێر خاک ڕاکشاون، لەسەر زەوی نەماون، ئەی مرۆڤ بەچی دەنازی بۆ هێندە بێ باکی؟! لاشەی بەنازت دەڕزێ دەبێتە مشتێ خۆڵ و خۆراکی خاکی! مرۆڤ چەند بە توانا و بەدەسەڵات بێ، دروەستی مردن نایە، ئەوە سروشتی چەرخی زەمانە و کۆنە دونیایە، ژیان ڕێپێوانێکە بەرەو بارەگای مەرگ، مرۆڤ بەڕووتی لە دایک دەبێ، کفن دەکا بە بەرگ، مردن گاڵتە، بە پزیشک و پارێزی و دەوا و دەرمان و نزا دەکا، هەرگیز مەرگ مەودا نادا مرۆڤ چ بکا و چ نەکا! بەربەرەکانی مردن ناکرێ، مردن چارەسەری نییە ومردن نامرێ! بۆیە شیوەنێکم پێیە (نەی) نەیکردووە، گەرچی پەنای بۆ تەشریبی ئارەق و مەی بردووە، ژیانی پیر ونەخۆش وەکو گڕی مۆمی دەم با دەکوژێتەوە، ئەوەی ڕۆیی نایەتەوە، مۆمی تەمەن دەتوێتەوە، هونەرمەندی ناودار، مامۆستا سەردار، ساڵی ٢٠١٩ لە هەژدەی سێ، چیتر مۆمی تەمەنی داناگیرسێ. بە ڕوناکی، نۆتەی پاکی، ڕێگای هونەری گەشاندۆتەوە، ئەی سەردار


شێوەتم بیرکەوتۆتەوە، چونکە خەڵک بە تابلۆیەکی جوانی دیوی، بەچاویلکە و گرتنی ئامێری فوویست بە لانیوی! بە سەری سپی و کراسی سپی و ڕانکوچۆغەی شاڵ، شادترین هونەری دەنواند بە فلووت و شمشاڵ. لە قوڵاییی دڵ، بە دەماری مل، دەم وپل گوڵ، خۆشتر لە بولبول، ڕۆیی بۆ بەهەشتی هونەری لە تەمەنی ٧٤ ساڵی، وەستا دڵ و هەناسە و وەستا و مامۆستای فلووت وشمشاڵی. ئەگەر وەک گۆران بکەوینە وای وەیلا داد: ئەجەل داد، ئاسمان داد، عەرشی خوا داد، حەکیم، عیلمی بەشەر، دەرمان، دەوا داد! (تاقە گوڵەکەی من بۆچی) ڕۆیشتی، (ڕەقیب چی گووتووە) خۆ تۆ بەهەشتی! بە گۆڕانکاری و هونەر و بەهرەی وەستاکار، بە تیۆری و بەکردار، سەردارە سەردار: لە ئولکەی عیشقدا بێ چوونە سەردار، بە ئاسانی مەزانە بوونە سەردار. هەیە گەر عیشقی سەرداری لەسەرنا بکە مەشقێ لەوانەی چوونە سەردار، وتی میوەی بەهەشتە شیعری مەحوی خودا نەبڕێ لە باغم داری بەردار. سەرداری باب سەرداری، بە خۆشەویستی و نازداری، ڕوحی زیندووە، ناوی لە مێژووە، لەناو ویژدان و دڵە، تا مۆزیک بمێنێ، گلکۆیەکەی پڕ لە گوڵە. یـــــــادت بەخێر، شای فلـــوت و بلـــوێر نەک مەداڵیادی زێڕ، شایانتە پەیکەری زێڕ...

سەرچاوەکان :

(وتەی زانایان، دیوانی ڕاجی، دیوانی گۆران، حاجی قادری کۆیی بەشی یەکەم (مەسعود محەمەد)، مێژووی کۆیە (تایەر حەوێزی)، دیوانی مەحوی، کوردستانی نوێ ژمارە (٧٧٨٥) لە ٢٠١٩/٩/٨ ، سوڵتان موزەفەرەدین لە نوسینی (خەسرەو پیرباڵ)

- بەر لە بڵاوبوونەوەی نیشانی هونەرمەندی گەورە (مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی) دراوە، وردە تێبینی هەبوە و ڕەچاوکراوە.

-شیعری ناو کەوانەکان گۆرانیی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیەن.



**(سۆزی شمشاڵ)**
**سەفین عەبدولڕەزاق**

زۆرن ئەوانەی ژیان بەسەردەبەن و لەدوای خۆیان هیچ ناوێک بەجێناهێڵن، بەڵام کەمن ئەو کەسانەی کە دەبن بە هێمای شانازیی گەلێک و مێژو ناویان بە گەورەیی و جوانی دەهێڵێتەوە، کە دەبنە قارەمان و ڕابەر و مامۆستای مەزن و لەمێژوی مرۆڤایەتیدا سونبولێکی درەوشاوە دەبن و هەمیشە بە زیندویی دەمێننەوە.

مامۆستا سەردار ئەحمەد (باب سەردار)، بە واتای وشە مامۆستا و ڕابەر و داهێنەر و ڕێنیشاندەر بوو، کە هەتا هەتایە ناوی بەزیندویی و مەزنی دەمێنێتەوە. لە پێگەیاندن و خزمەتکردنی هونەر و مۆسیقای کوردیدا، خزمەتێکی زۆر گەورە و بەرچاوی کرد، بەتایبەتی لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە، کە دەستەی دامەزرێنەری بوو ساڵی ١٩٧٢، دواتریش بە ژەنین و ئامادەکردنی مۆسیقا و سەرپەرشتیکردنی بەرهەمەکان و بە نۆتکردنی ئاوازە ڕەسەنەکان و ئامادەکردنی میوزیکی سەردەمیانە بۆ گۆرانییە فۆلکلۆرییە

ڕەسەنەکان و پێگەیاندنی سەدان خوێندکاری نموونەیی کە ئێستا هەموو ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لە خزمەتکردن بەتایبەتی لە کۆیە.

هەزاران سڵاو بۆ ڕۆحی پاکی مامۆستا سەردار کە ڕێگای هەر بەردەوامە.

بنو بەئارامی، بنو مامۆستا گیان، جێگا پەنجە و شوێن و هزرت وەک سایە لەسەر سەر و ڕێنیشاندەرمانە بۆ دوارۆژێکی گەش.





**(هونەرمەندێکی جوان)**


**شێوەکار: شیاو سەرتیپ**

لە دەستدانی هونەرمەندێکی ئاوا جوان و پڕ لە توانای موزیک و نۆتە، خەسارەتێکی گەورە بوو بۆ هەرێمەکەمان و بەتایبەت بۆ کۆیە و نەوەی ئایندە. هیوادارم خوێندکارانی باب سەردار پەیامی باب سەردار بە تازە پێگەیشتوان بگەیەنن تا لە تواناکانی سوودمەند بن و دەنگی فلوتەکەی ون نەبێت. دروستکردنی تابلۆیەک بۆ ئەو زۆر کەمە، بەڵام لەدەستدانی هونەرمەندێکی ئاوا جوان شایەنی هەزاران شتی جوان و سەنگینە. هەزار ڕەحمەت لە گۆرت باب سەردار.

ماددەی بەکار هاتوو : بۆیەی زەیتی لەسەر خامی ئامادە کراو

قەبارە : ٧٠سم/١٠٠سم

ساڵی دروستکردن : ٢٠١٩/٤/٢٣



**(سەرداری باب سەرداریش جێی هێشتین)**

**عەبدولکەریم شێخانی**

جەرگ زۆر خۆشەویستە، ئەگەر ئەمە لە مرۆڤدا بە ئەقڵ و بە غەریزە دیار و ئاشکرا بێ، ئەوە لە گیانداراندا شتێکی غەریزییە. هەمووومان چاومان بە باڵندە کەوتووە، کە چۆن بێچوەکەی دەپارێزێ و چۆن خواردنی بۆ دێنێ و بە قورگیدا دەکا و گیاندارانی دیکەش هەروەتر بێچوەکانیان دەپارێزن و بە شیری گوانەکانیان بەخێویان دەکەن تا گەورە دەبن و لە خەم دەڕەخسن. ئەو غەریزەی خۆشەویستییە کە لای ئادەمیزاد هەیە، وەکو گوتم، بەرجەستەتر و دیارترە.

(ئەحمەدی مامەعەدە)، پیاوێکی کاسب و ڕەنجدەری ماڵی خۆی بوو. ئەو لەگەڵ پیاوێکی دیکەی کۆیی بە ناوی (ڕەفیقی خەڵەف چاوەش)، دەلاڵی گەراج بوون. ئەو سەردەمە ئۆتۆمبیل کەم بوو، بەتایبەتی لە قەزا و ناحیەکان، کۆیەش یەکێک بوو لەو شارە بچووکانەی کە ئۆتۆمبیلیان کەم بوو، ئەو ئۆتۆمبیلانەش هەر هەموو پاسی تەختە یان لۆریی بارهەڵگر بوون. قەمەرە زۆر کەم بوو، چونکە ڕێگاکەی نێوان کۆیە ـ هەولێر، کۆیە ـ کەرکوک گڵ و خۆڵ بوو بۆ قەمەرە قورس بوو هاتوچۆی پێدا بکات. لە بیرمە پیاوێکی هەولێری بە ناوی (عەلی

مەحمود) و یەکێکی دیکە بە ناوی (گەرەبێت) قەمەرەیان پێ بوو، ناوبەناو دەهاتن بۆ کۆیە. هەروەها پیاوێکی دیکە، واتێبگەم ناوی (ڕەسوڵ چۆلاغ)بوو کەمێک دەشەلی، قەمەرەیەکی تەنتای پێبوو، سەرەکەی چادر بوو هەڵدەدرایەوە و هۆڕنەکەی لەتەنیشتەوە بوو لای شوفێر، کە وەکو هۆقنەی سەفەری وابوو و بۆڕییەکی بچووکی پێوە چەسپکرابوو کە شوفێرەکە لاستیکی هۆرنەکەی دەگوشی، هەواکەی ناوی لە بۆڕییەکەوە دەچووە دەرەوە دەنگێکی وەکو عوعی لێوە دەهات و هەر لەبەر ئەوەش بوو منداڵان بە ئۆتۆمبیلیان دەگوت عووعە. زۆر جار پاس و لۆری لەو ڕیگا ناخۆش و قوڕە، بە تایبەتی زستانان لە قوڕێ دەچەقین و هێنانە دەرەوەیان ئاسان نەبوو، یان گەلێک لەو پاس و لۆرییانە وەردەگەڕان و زۆرجار خەڵکیان تێدا دەمرد، کە مامۆستا مەجیدی حەمەدبەگی تازەزاوا لە ناوچەی سمایل بەگیان وەرگەڕا و جوانەمەرگبوو و داخێکی زۆری بە جەرگی خەڵکی کۆیەوە نا. ئەو سەردەمە ئەحمەدی مامە عەدە ژنی هێنا، من دیبووم، ژنەکە لە چاو کاک ئەحمەد زۆر بێداروبارتر بوو. لە نیوەی یەکەمی چلەکان لە ساڵی ١٩٤٥خوا کوڕێکی دانێ ناویان لێنا سەردار. هەموو کەسێک جەرگی خۆی خۆش دەوێ، بەڵام سوبحانەڵلا ئەو کاک ئەحمەدە لە خۆشییان جێی بە خۆی نەدەگرت، وایدەزانی خوا هەموو موڵکی جیهانی بەو بەخشیوە و دڵخۆشییەکەی هەموو سنوورێکی بەزاند؛ ئیدی لەوێ ڕۆژێوە ناوی ئەحمەدی مامەعەدە نەما و بوو بە بابسەردار. ماڵەکەیان لە ماڵی ئێمەوە نزیک بوو، کە سەردار کەمێک گەورە بوو بە باوەشی باوکییەوە دەمدی، منداڵێکی تا ڕادەیەک لاواز و بێداروبار و وردیلانە بوو. سەردار لە سەرەتاییەوە ئارەزویەکی هونەری هەبوو. ئەو حەز و ئارەزوە لە قۆناغی ناوەندیدا زیاتر بەرجەستە بوو، بە تایبەتی کاتێک مامۆستا (باکووری)ی هونەرمەند لە قوتابخانەی ناوەندیی کۆیە بە مامۆستا دامەزرا و بە هاندان و دەستلەپشتدانی مامۆستا (شەفیق سابیر)ی خوا

لێخۆشبوو، کە کرابوو بە بەڕێوەبەری ناوەندیی کۆیە، کۆمەڵێک قوتابی، هونەری مۆسیقا ڕایکێشان کە سەردار یەکێک بوو لەوانە و تیپی مۆزیکی باواجییان پێکهێنا. ئەو تیپە قوتابخانەیەکی هونەری بوو؛ گەلێک هونەرمەندی پێگەیاند، کە سەردار یەکێک بوو لەوانە. سەرداری دەست و پەنجە ڕەنگین دوای ناوەندی خۆی گەیاندە بەغدا و لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان وەرگیرا. واتێبگەم سەردار پێویستی بەوە نییە من بە شان و باڵیدا هەڵبدەم و ئەو لەسەر ئاستی هەموو کوردستان و عیراق ترۆپکێکی گەلێک بەرزی سەر بە مەشخەڵە و هەموو کەسێک لە دوورەوە دەیبینێ. سەرداری هونەرمەند لە هەموو بۆنەیەکدا بەشداری کارا بووە و جێپەنجەی دیارە. ئەو هونەرمەندێکی خۆڕسک بوو، شەیدای ئەو نایە بوو کە جگە لە فووپێداکردن، لێوی پێوە دەنا و ماچی دەکرد. ئەی ئەگەر یەکێک کەسێکی خۆشبوێ ماچی ناکا؟ سەردار هونەری مۆزیکی کوردیی گەیاندە چڵەپۆپە. ئەو جامی هونەری مۆزیکی کوردیی لێوانلێو کرد و لەسەریەوە ڕژا. ئەمڕۆ هەموو کورد خەمبارە بە کۆچی دواییی سەرداری باب سەردار. ئەو حەز و ئارەزووی هونەری لە ماڵەکەی لەنێو براکانیدا ڕواند. سەردار بە تاقیتەنێ قوتابخانەیەکی هونەریی گەورە بوو.

ئەمن ناڵێم سەردارەکەی باب سەردار
هونەرمەند بوو گەلێک بەرجەستە و دیار
ئەمن ناڵێم سەردار زۆر بێوێنە بوو
ناڵێم هونەرمەندی وەکو ئەو نەبوو
ناڵێم ئەو چریکەی بولبولێکی خۆشخوان بوو
یا تاکە هونەرمەندی کوردستان بوو
تەنیا دەڵێم وەک خەڵکی دی لێی مەنۆڕن
سەرداری کۆ بە خەڵکی دی مەگۆڕن

ئەوەی ئەمڕۆ جەرگم بۆی هاتۆتە ژان

ئەوەی بۆی خەمبارە هەموو کورد زمان

لە ساڵی ١٩٧٤، پێش نسکۆ بە ماوەیەکی کەم، تیپی مۆسیقای شۆڕش هاتن بۆ مەریوان و کاک (وریا ئەحمەد)و کاک سەرداریشیان لەگەڵ بوو. گەنجێکی قۆز، سەری وەک قەتران ڕەش بوو. ماوەیەک لایان دانیشتم و دوای ئەوە جێم هێشتن. سەردارم دوای ماوەیەک بینیەوە مووی سپی ڕووبەرێکی ئەوتۆی بۆ مووە ڕەشەکان نەهێشتبۆوە و هەمووی بۆ خۆی داگیرکردبوو، تا دواجار دەستی بەسەر هەمووی داگرت. زۆر جار کە پێکەوە دادەنیشتین دەیگوت: من لە مەریوان کە تۆم بینی من سەرم تاکە موویەکی سپی تێدا نەبوو و تۆ سەرت هەر ئاوەها سپی بوو، کەچی ئێستا منیش سەرم وەک سەری تۆی لێهاتووە. منیش دەمگوت باکت پێی نەبێ، بڕوا بکە من بیرم نایە کەی سەرم ڕەش بووە. زۆر جار لە بۆنەکاندا کە نایەکەی لێ دەدا بەڕادەیەک بە جۆشی دێنام کە خۆم بە قوربانی دەست و پەنجەی دەکرد. بەم دواییانە زێتر لێک نزیک بووینەوە کە کچێکی برازام بوو بە بووکی. من بە سروشت خۆم حەزم لە مۆزیکی خەمبارانەیە: شمشاڵ، کەمانچە، عود. پێم دەگوت حەزم لێیە هەندێک پارچە مۆزیکی نای خەمبارانەم بۆ تۆمار بکات. دەیگوت: وەکو جاران بەو گوڕ و تینە فووم بۆ ناکرێتە قوڕگی نایەکە. تومەز ئەوە سەرەتای نەخۆشییەکەی بوو، بەڵام پێی نەزانیبوو.

سەرداری ئەحمەدی مامە عەدە... سەرداری باب سەردار خوات لەگەڵ بێ و گوڵ و گوڵزاری بەهەشتی بەرینی خوا جێگەت بێ. ڕاستە مردن لە ڕێی هەموو کەسێکە و وەکو دەڵێن هیچ شتێک وەکو مردن دادپەروەر نییە و جیاوازی لە نێوان پاشایەک و گەدایەکدا ناکات. یان دەڵێن: مردن کەری بەقاڵانە لەبەردەمی

هەموو ماڵێک ڕادەوەستێ، بەڵام مردنی هەندێ کەس زۆر بە ناسۆرە و لەبیرچوونەوەی زۆر گرانە. هەندێک کەس کە دەمرن، ناوەکەشیان لەگەڵ خۆیان دەمرێ، بەڵام سەردار و هەموو سەردارەکانی دیکە هەتا دنیا بە دنیایە ناویان هەردەمێنێ؛ هەر چەندە بە لاشە لامان نەماون، بەڵام بەناو هەر زیندوون . کاکە سەردار بنوو ، خەوی خێرت بێ. بنوو، دڵنیابە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆز و بە شەڕەفت لەگەڵە. بنوو لەگەڵ هەموو ئاوازێک کە دەیبیستین دەڵێین ئەوە سەردارە، سەردارەکەی باب سەردار کە هەرگیز لە بیر ناچێتەوە :

نایەکەی تۆ ، لە پاڵ هەموو ڕەوەزێک و
کەپکە شاخێ
لەگەڵ هەموو ئۆفێکی خەمپڕژێن،
لەگەڵ هەموو ئاخێ ، هەموو داخێ
لەگەڵ فرمێسکی گشت لێقەوماوێ
لەگەڵ هەناسەی گشت برسییەک ، گشت داماوێ
دەبێتە نەعرەتەی ستەمدیدە و هەژاران
بەسەر ستەمکاری وڵاتەکەمدا دادەکا
هەر وەک ڕێژنەی باران
دەبێ بە لافاوی ڕق و تۆڵە و ڕادەماڵێ
هەرچی ستەمکار و دز و ڕێگر هەیە
تا ئەبەد دەیخاتە چاڵێ.



**(پاشای فلوت و بلوێر کۆیەی بۆ دوا مەزڵگای جێهێشت)**

**د.کەیفی ئەحمەد**

شاری کۆیە وەکو هەموو ڕۆژەکانی دیکە ئاسایی بوو و هەر یەکە لە خەڵکەکەی بەکاروباری خۆیەوە سەرقاڵبوو، بەڵام لەپڕ لە درەنگانێکی سەر لە ئێوارە هەورێکی رەشی خنکێنەر و تۆقێنەر و مەرگهێنەر لەسەر لوتکەی چیای باواجی بەدیارکەوت و وردە وردە بۆ سەر شار هات ، تا ئاسمانی شاری کۆیەی بەتەواوی داپۆشی و داگیرکرد، هەموو خەڵکی شار هەستیان بە تەنگەنەفەسیی و دڵەڕاوکێ دەکرد، تۆپێک بەری ئەوکی گرتبوون و خەریکبوو دەخنکان، لێدانی دڵیان بەشێوەیەکی نا ئاسایی زیادی دەکرد، کەس نەیدەزانی ئەوە چ باس و چ سرێکە، زۆری نەخایان، هەور ڕەوییەوە و ئاسمانی شاری بەردا، خەڵکی تۆزێک هاتنەوە هۆش خۆیان و کەوتنە پرسیار کردن لە یەکدی ، کە چی بووە... دەنگی گریان تێکەڵ بە دەنگی ئاهەنگی فلوت و نەی و بلوێر بوو، دەنگی گریان نامۆ بووا، وەلی دەنگی ئەو ئاهەنگە لای خەڵکی شار ئاشنا بوو، یەک بە ئەوەی دی دەوت ئەرێ ئەوە دەنگی ئامێرەکانی مامۆستای گەورەمان نییە؟!، ئەرێ بۆچی تێکەڵ بەو دەنگی گریانە بووە؟! تا لەپڕ هەواڵە تۆقێنەرەکە گوێی هەموومانی کەڕ کرد و هەموانی تەزاند، گوتیان رۆحی مامۆستا لە شەقەی باڵیدا

و خەڵک و شاری جێهێشت بۆ کەشکەڵانی ئاسمان بەرزبۆوە.. ئیدی بەو شەوە ساردە لەگشت شەقام و کۆڵانەکانی شار بووە گریان و رۆڕۆ، لە سوێی هەڵفرینی پەپولە جوان و بولبولە خۆش ئاوازەکەی شار... بەڵێ ئەوە رۆژی ماڵ ئاوایی و کۆچی دوایی مامۆستا (سەردار ئەحمەد)ی هونەرمەندی گەورەی کوردستان بوو، کە هەموو کۆیە و کوردستانی تاساند ...

شایانی باسە مامۆستا سەردار کەسایەتیی و مامۆستا و هونەرمەندێکی دیاری کۆیە و کوردستان بوو، ئەو زیاتر لە نیو سەدە خزمەتی هونەر و پەروەردەی کردووە، جێپەنجەی لە هەردوو بوارەکەدا بە زەقی دیارە، چەندین کەسی پێگەیاندووە و بوونەتە هونەرمەند و مامۆستای دیاری نێو بواری هونەر، دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە بووە، کە ئەو تیپە وەکو دایکێک وابووە، بۆ گشت تیپ و گروپەکانی دیکەی کۆیە، هونەرمەندەکان زۆربەیان قوتابیی مامۆستا بوونە، دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای شۆڕش بووە لە شاخ، لە شاری هەولێر و شارەکانی دیکە لەگەڵ چەندین تیپ و گروپ کاری کردووە، ئەو بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە کاری هونەریی دەکردو و دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدا بوو، شارەزاییەکی زۆر باش و قولی لە نۆتە و مەقاماتدا هەبوو، یەکەم کەس بووە، کە فلوتی هێناوەتە کوردستان، لەبەرئەوەی فلوت ئامێرێکی رۆژئاواییە ناتوانرێ هەموو ئاوازێکی رۆژهەڵاتی پێ لێبدرێت، بەڵام مامۆستا توانیبووی گۆڕانکاری لەو ئامێرەدا بکات و ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، ئەو ژەنیارێکی بێ ڕکابەر بوو لە ژەنینی ئامێرەکانی فلوت و نەی و شمشاڵدا، هەتا کۆتایی ژیانی دوای خانەنشینبوونیشی هەر وانەی دەوتەوە ، وەکو خۆبەخشێک لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی شەهید جەعفەر بەردەوامبوو لە وانە وتنەوە...هەزاران درود بۆ گیانی پاکی و جێگای فیردەوس بێت...



**(مامۆستا سەردار (باب سەردار)**

**شمشاڵێک لە عیشق و سۆز)**


**د. عەبدولواحید ئیدریس**

شەست و سێ ساڵە شمشاڵێک ئاوازی عەشق و خۆشەویستیی ژیان بە گوێی کوردەواریدا دەچرپێنێ، سۆزێک هێدی هێدی بەر لە دەنگی گۆرانیبێژ ناخمان دەهەژێنێ. ئەو، سەرەتا خولیایەک بەرەو ئەم جیهانە جوانەی دەبا، دواتر لە ساڵی **١٩٦٢** لەڕێی (پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا)، دەچێتە قوڵاییی ئەو هونەرە، ئاوێزانی شمشاڵ و فلوت دەبێ. ئەو عاشقە لێبڕاوە، لە نێوان تیپەکانی باواجی و هونەریی هەولێر، ئاوازەکان ڕەنگینتر و بەسۆزتر دەکا. ئەو بە سۆزی نەی (ئایشە گوڵ)ی مامە سێوە جوانتر و (شیرین بەهارە)ی خاڵە تایەر بەسۆزتر و لە پێشەکییەکەی(کەژاڵ)ی حەمە جەزاش، زیاتر بە هونەری ڕەسەن ئاشنامان دەکا. ئەو هەر دڵی بەوە خۆش نەبوو، بە دەنگی شمشاڵەکەی نیشتمان دەلاوێنێ، لە سروودەکانی بەرەنگاری، دوژمن دەبەزێنێ، بەڵکو دەبێ نەوەیەکیش پێبگەیێنێ، تا شمشاڵەکەی بێ خاوەن نەمێنێ، بۆیە دەڵێین ئەو بە ڕاستی

مامۆستا بوو. کەم نین ئەو فێرخوازانەی لە بەردەستی ئەو نۆتەکانی عەشق و ئاوازەکانی ژیاندۆستی فێربوون، ئەمڕۆ هونەرمەندی دیارن.

سڵاو لە هونەرمەندی گەورە و دڵسۆزی هونەر، سەرداری باب سەردار، چاوەڕێین جارێکیتر بە شمشاڵەکەی ئاوازی عەشقی پاک و پیرۆزمان بۆ بچرێ، چونکە گۆران گوتەنی:

به ڕەنگی زەرد و شێوەی دەست و شمشاڵی کزا، دەروێش
حەزم کرد بەستەیەک ببیەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ
ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێگانە
میزاجی کوردەواریم تێکچووە، دەروێش عەبدوڵڵا،
دەخیلت بم دەسا بەو لاوک و ئای ئای و حەیرانە
شەپۆلی ذەوقی میللی پڕ دەرونی مات و چۆڵم کە!
لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای، وەڵا
دە، ئەی دەروێش، سکاڵایەک لەگەڵ ڕۆحی کڵۆڵم کە



**(سەردار ئەحمەد، مامۆستایەک بۆ لێفێربون)**

**هێمن عەبدولحەمید**

لە خولی فێرکاریی ساڵی ١٩٨٧، بۆ یەکەمجار، ڕوبەڕو، پێی ئاشنابوم. لەوساوە بەردەوام، وەک مامۆستا و فێرخواز، بینین و گفتوگۆمان هەبوە. من و هەمو ئەوانەش کە لەو خولەدا بەشداربوین، زۆر سودمان لێوەرگرت و زۆری لێفێربوین. هیچ کاتێک لە فێرکردن و وانەپێدان بێزار نەدەبو. خۆشحاڵ دەبو کە پرسیارێکی زانستی و هونەریمان لێدەکرد، زۆر بە سادەیی و ئاسودەیی وەڵامی پێویستی دەدایەوە. لە بەخشینی زانیاریدا ئەوپەڕی سەخاوەتی دەنواند؛ حەزی دەکرد هەرچی دەیزانێت، پێمان بڵێت. لە پەیژە و مەقامەکاندا زۆر شارەزا و پڕزانیاری بو، خۆ لە ژەنیندا تاکی نەبو.!

لە هەر گفتوگۆ و هەڵوێستێکدا، قسەی خۆی دەکرد، کە زیاتر مەبەستی فێرکردن و هاندانمان بو. زۆر جار دەیگوت:

- ڕێگای هونەر، وەک شەمەندەفەر وایە؛ لە هەر وێستگەیەک هەندێک دادەبەزن و هەندێکی دیکە سەردەکەون.

- بە زۆر یان بە منەت، کەس بانگهێشت مەکەن، کەسێک خۆی حەزدەکات خزمەت بکات، با بێت، ڕێگرییش لە کەس مەکەن.
- هەرگیز بیر لە پارە مەکەنەوە، چونکە هونەر خزمەتە و پارە، شتێکی دیکەیە.
- ئەوەی کە زۆر حەزی لە پارەیە، با بچێت کارێکی دیکە بکات.
- گرنگ ئەوەیە لە خزمەتکردن ماندو نەبیت و بەردەوام بیت.
- باواجی موڵکی باوکی کەس نییە، موڵکی کۆیەیە، هەتا پێمان بکرێ و توانامان هەبێ خزمەت دەکەین، کە پێشمان نەکرا، بەجێی دەهێڵین، هونەرمەندی دیکە زۆرن.

مامۆستا سەردار، پیاوێکی قسەلەڕو بو، هەرگیز موجامەلەی کەسی نەدەکرد؛ کارێک باش بوایە دەیگوت باشە، باش نەبوایە دەیگوت باش نییە، بەڵام ڕێگا و پێشنیازی باشترکردنی دەخستەڕو. کەسێکی یەکلاکەرەوەبو، هەمیشە بڕیارەکانی کۆتابڕیار بون و ئێمەش بڕیارەکانیمان نەدەشکاند. ئەو هەرگیز ڕێگای بە خەڵکی دەرەوەی تیپ نەدەدا، لە هەر پێگە و پۆستێکدابوبن، دەست بخەنە ناو کاروباری تیپەوە، نەک وەک ئێستا، کە هەندێجار، لە دەرەوەی تیپ بەرنامەی فێستیڤاڵ بۆ تیپ دەستنیشان دەکەن. مامۆستا هەمیشە متمانەی بە فێرخوازەکانی هەبو، هەمیشە هاندەر و ڕێخۆشکەر بو بۆ بەرەوپێشچون و پەرە بەخۆدان. لەو ساڵانەی کۆتاییدا، لە کاتی پڕۆڤەکاندا، کە ماندو دەبو، دەیگوت:

"کەس خۆی لە من نەبەستی، ئەمن نۆتەی خۆم بە تەواوی لێدەدەم، ئەنگۆ پڕۆڤەی خۆتان بکەن، ئەمن هەوام پێنەما، تەواو ."

جێگات خاڵی، گۆڕت پڕنور، مامۆستای گەورەمان، سەرداری هەموان.



**(سەرداری باب سەرداری)**

**وریا ئەحمەد**

ئێمە لەگەڵ مامۆستای هونەرمەند (سەرداری باب سەرداری)، بەمنداڵی دراوسێ بووین، من لە (گەڕەکی بەفریقەندی) و ئەو لەگەڕەکی (قەڵات)، نێوانمان گۆڕەپانی (جاسم ئاغای) بوو. هەردووکمان لەو گۆڕەپانە یاریمان کردووە، بەڵام ئەو لەئێمە گەورەتر بوو، برادەرانیشی لە هی ئیمە جیابوون، بۆیە ئەوسا برادەرایەتیمان نەبوو. بۆیەکەمجار، ئەگەر هەڵە نەبم، هاوینی ساڵی (١٩٦٥)بوو، لە کۆیە لە شەقامی (سەر ڕەزان) بە تەنیا پیاسەم دەکرد، کاتێک گوێم لە ژەنینی شمشاڵێک بوو، ژەنینەکە لەهی (ڕادیۆ) نەدەچوو، بۆیە لێمبووە مەراق و بەشوێن دەنگەکەدا چووم، کاتیک دیتم، سەرداری هونەرمەند لەبن سێبەری دارهەنارێک دانیشتووە و ئەو شمشاڵە خۆش و دڵگیرە دەژەنێت، ئیتر هەستی کرد کەمن سەرسامی ژەنینەکەیم، بۆیە پرسی: دیارە حەزت لەموزیکە؟ منیش بۆم باسکرد کە لەپۆلی یەکەمی (پەیمانگەی مامۆستایانی هەولێر)م و مامۆستا (زیا قەساب) مامۆستای موزیکمانە و ئامێرێکی (عود)یشی بە ئەمانەت پێداوم هەتا بەم هاوینە پرۆڤەی لەسەربکەم و....هتد. گوتی: کەواتە سبەی ئامێرەکەت بێنە لە (قوتابخانەی باواجی) لەگەڵ هونەرمەندان (زاهیر محەمەد) و

(ئەنوەر تاهیر) و ئەوانیدی پرۆڤەمان هەیە، عودژەنیشمان نییە، ئەگەر دیتمان لەژەنین باشی، وەک ئەندام لە تیپەکەمان وەرتدەگرین. هەرچەندە بەندە جارێ لەژەنین لەسەرەتادابووم، بەڵام ژەنینی بەندەیان بەدڵ بوو، بۆیە وەک ئەندام لەو تیپە وەرگیرام. هاوینی ساڵی دواتر هونەرمەند (ئەنوەر قەرەداغی) بە میوانی هاتە کۆیە و داوەتی مامۆستا (زاهیر محەمەد) بوو. ئیتر هەندێ رۆژ بۆ سەیرانگای (حەمامۆک) و زۆربەی رۆژانیش بۆ سەیرانگای (چنارۆک) دەچووین، لەبیرمە هەرجارەی یەکێکیان (مەنجەڵێک یابراخ)یان دەهێنا و ئیدی هەتا ئێوارە زەڵاتە و میوە و جاجک خواردن و مەینۆشین بوو، شایانی گوتنە بەندە ئەوسا قوتابی بووم و نەمدەخواردەوە. جارجارە قسە و پێکەنین و جاری دی موزیکمان دەژەنی و گۆرانیمان دەگوت. بەشدارانی ئەو سەیرانانە: زاهیر محەمەد، سەرداری باب سەردار، جان تۆماس، کۆچکردووان: (ئەنوەر تاهیر، حەمید ئیسماعیل و عەدنان جەمال)، قادر فەتحوللا، غەریب پشدەری گۆرانی حەمەی ماملێی دەگوت، سەڵاح حوسین، ئیسماعیل مستەفا، فوئاد سەعید و ... هتد. ڕۆژێک لەو ڕۆژانە گوێم لێبوو مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی پێیگوتن: دەستی ئەو کوڕە بگرن و فێری نۆتەی موزیکی بکەن، بەهرەی باشی هەیە، دیارە مەبەستی لە بەندە بوو. سەرەتا زۆر ماندووبووم و بەشوێنیدا عەوداڵ بووم، دەمزانی زۆری حەز لەیاریی (دۆمینە)یە، بۆیە لەچایخانەی (عوسمانی عەوڵا عێزەتی)، یان هاوینان لە چایخانەکەی پشت (حەمامی پیسکان) لەمەڕ (ئیبراهیمی) دەمگرت، هەرچەندە یاریزانەکان بە چوونی من خۆشحاڵ نەدەبوون و خەمی یارییەکەیان بوو، هەستیاندەکرد پرسیارم زۆرە و بەتایبەتی شریکەکەی مامۆستا سەردار لەیاری، هەرجارە دەیگوت: (وریا) دیسان پێت دۆڕاندین، دواتر هونەرمەندی نەمر سەرداری باب سەرداری، بە دڵ و بە گیان پرۆڤەی پێکردم و ڕۆژانە لە ماڵی خۆمان بەلانی کەمی دوو سەعات پرۆڤەی نۆتەی پێدەکردم و بێزاریش نەدەبوو .

ئێمە لەگەڵ هونەرمەند (سەردار) ماوەی شەش حەفت ساڵ لە (تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە) پێکەوەبووین، دواتر لە (شۆڕشی ئەیلول) ئەمجارە وەک

ئەندامانی (تیپی مۆسیقای شۆڕش) دیسان پێکەوەبووین. دوای هەرەسی شۆرشیش کاتێک بەندە وەک سەرۆکی (تیپی مۆسیقای هونەریی هەولێر) هەڵبژێردرام، وازم لەو هونەرمەندە گەورەیە نەهێناو گوتم: وەک برای گەورە و پشت و پەنا، دەبێت هەر لەگەڵماندا بیت. خوا هەڵناگرێت کەمتەرخەمیی نەکرد و زۆرجار گلەییی دەکرد و دەیگوت: ئەمن لە کۆیەوە بۆ پرۆڤە هاتووم، کەچی هەندێ برادەر ماڵیان لە هەولێرە هێشتا نەگەیشتوون! وەک هونەرمەند هەمیشە ڕیزی خۆی دەگرت، لەناو پرۆڤەدا دەیگوت: مامۆستا وریا دەتوانم بڕۆم جگەرەیەک بکێشم؟ دەمگوت: تکات لێدەکەم مامۆستا سەردار شەرمەزارم مەکە، تۆ براگەورەی و مامۆستامی، چۆن قسەی وادەکەیت؟ پاشان پێی دەگوتم: بۆیە وادەکەم هەتا موزیکژەنانی تریش فێربن ڕێزت بگرن و لە قسەت دەرنەچن. کاتێکیش ساڵی(٢٠٠٧)سەفەرێکمان بۆ (فەرەنسا) بۆ ڕێکەوت، مامۆستا ئامانج غازی، گوتی: من ناتوانم بێم، تکایە مامۆستا وریا تۆ بە دیدی خۆت هونەرمەندێکی شیاو ببە. یەکسەر گوتم: ئەگەر مامۆستای خۆم (سەردار) نەبەم ئەدی کێ ببەم؟ زۆری پێخۆشبوو کە ئەوم لەیادبووە. دوایادگاریشمان پارچە موزیکی (یاد) بوو، تەلەفزیۆنی (خاک) لە گوندی (جەلی) و (چنارۆک) کلیپیان بۆکرد. کاتێکیش مخابن و هەزار حەیف نەخۆش کەوت، جارێک لەهەولێر لە نەخۆشخانەی (پاکی) لەگەڵ مامۆستا (جان تۆماس) سەردانیمانکرد، تەندروستیی زۆرباش نەبوو. پێش کۆچی دواییشی ئەمجارە لە کۆیە لەگەڵ هونەرمەندان مامۆستا باکووری و سەلاح محەمەد سەردانمانکرد و زۆریش بەئازاربوو، لەبەر ئێمە نەبوایە توانای دانیشتن و قسەکردنیشی نەبوو.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکت بێت، هونەرمەندی گەورە و بێناز، ئەگەر هونەرمەندی هەر میللەتێکی دی بوایە، بۆچارەسەری نەخۆشییەکەی ڕەوانەی چەندین وڵات دەکرا. مامۆستا سەردارگیان، ڕاستە تۆ بە جەستە لەلامان نەماوی، بەڵام بە گیان لەلای ئێمە هەمیشە زیندوویت.

**خوێنەری بەڕێز:**

ماڵاواییی ناوادەی ئەم هونەرمەندە نەمرە، نەک هەر (پێجەکانی سۆشیال میدیای کوردی) ڕەشپۆش و خامۆشکرد، بەڵکو چەندان لە بەهرەمەندان، بە سۆز و هەستی پر خۆشەویستیان، بە شیعر و پەخشان، ڕۆحی ئەویان لاواندەوە و وەفادارییی خۆیان نیشاندا.

ئەم دەقە ئەدەبییانەی خوارەوە، بەشێکن لەو هەڵبژاردەیە کە بە گوێرەی ڕیزبەندی ئەلفبێی ناوی نووسەرەکانیان، لێرەدا تۆمارکراون.



**(كۆچی سەردار)**

**ئومێد مام ڕەسوڵ**

چیتر

لە مابەینی

کەکۆن و هەیبە سوڵتان

هەڵناکات

شنەی

هەناسەی شمشاڵی سەردار و

ئیدی وێکڕا

ڕەش دەپۆشن

گوڵ و حاجیلەکانی

دەشتی هاموون و

درەختە بەژنـزراڤەکانی

چنارۆک و کۆسار و باواجی و شیوی ڕەزان

چیتر

ڕاستەشەقامە بێنازەکەی نێو شار

ناگرێتە خۆی

ڕۆڵە

ناخ و سەر سپییە

چاویلکە بە چاوەکەی و

لە حەژمەتان

تاوناتاو دەداتە پڕمەی گریان

چیتر و

چیتر و

چیتر،

ئەی خودایە


ئەم کۆیەی من

بۆچی ئەوەندە بێبەختە و

تاکەی ئاوا بەردەوام

بگێڕێتن گەرمەشین لەبۆ کۆچی ئازیزان ؟

١٧ / ٣ / ٢٠١٩



**(شینی شمشاڵێک)**

**باست حەمەغەریب**

**حاڵ لێهاتنێکی، پێویست، لائیرادەییی دەروونە، بۆ کۆچی (خارە سەردار)ەکەی کۆیە و کوردستان**

گەروو ژانە، ژانی دەردی کوردبوونە

هەناسە گڕ، گڕی ناخ و دەروونە

فو بڵێسە، بڵێسەی ڕۆحی سووتاو

هەوا قورس، پڕ پڕ لە خەم و زوخاو

خەم گریانە، گریان بۆ کۆچ و ڕەومان

ئاواز مۆمە، بۆ ڕۆژ، تاریک وەک شەومان


شمشاڵ دارە، داری بێبەری شینمان

کون کوانووە، کوانوی کێمی برینمان

گۆرانی شین، وەک شینی ڕۆڵە کوژراو

ڕیتم گریان، گریانی لە کۆچ جێماو

وشە فرمێسک، فرمێسکی وشکی چاوە
پیت گەڵایە، گەڵا سەوز هەڵقرچاوە
کۆرس ڕێ ونە، ڕێ ون وەک ڕەوی شاخمان
بیستن ساردە، وەکو هەناسە و ئاخمان
هونەر بێ شەوق، وەک شەوقی خۆڵەمێشە
دەنگ ون بووە، وەک دەنگدانەوەی ئێشە
کۆیە ماتە، وەک ماتیی هەیبەسوڵتان
حەمامۆک تەڕ، وەک گریانی بە کوڵتان
هەرچی هەقە، وەک مەنسور لەسەر دارە
ڕەگی هونەر سۆزی گەرمی سەردارە



**(بۆ سەرداری باب سەردار)**

**جۆشان مەجید ئاسنگەر**

تۆ ئەوکەسە بوویت

فلوتت هێنا گۆ

خاوەنی تۆیە

کورد و شاری کۆ

لاسەنگ بوو باڵی

میوزیک بەبێ تۆ

زوو بو جێتهێشتین

ئەی خاوەنشکۆ

بە بەرزیی باڵات

هونەرت بەخشی

گشتت سەرسام کرد

بەجوانی و نەخشی

تۆ ئەو ئەستێرەی
لەئاسمانی شار
هەردەم درەوشاوەی
سەردار باب سەردار
هەردەم درەوشاوەی
سەردار باب سەردار.



**(تۆ هەر زیندوویت)**

**دانا غەفور**

لە کوچە باریک و شەقامەکانی
ئەم شارەدا،
گوزەر دەکەم، بەڵام جیاواز
سەرت بەفرە و
دڵت چوار وەرزە بەهارە و
گەروت پڕ لەئاواز.
دەگەڕێیت و ئاواز
بۆ باڵندە بێدەنگەکانی
وەک خۆت بێدەنگ هەڵدەبەستی.
تۆ هەر زیندوویت،
بۆ هیچ جێگەیەک کۆچ ناکەیت
ئەوە فلوتەکانن هاوخەمی بۆ نای دەردەبڕن و
بێدەنگن.
پەنجەکانن گۆناکەن و

ناتوانن کونیلەی شمشاڵەکان جێبهێڵن
ڕێگەنادەن هەوای قەتیسبووی گەروویان
ببنە ئاواز.
تۆ هەرلێرەیت.



**(سـەرداری کۆیە)**
**دڵشـاد تاقانە**

مامۆستای هونەر سەرداری کۆیە
لەگەورەییتدا ڕای هەموان کۆیە
شمشاڵ و فلوت بەهەستژەنی تۆ
توانستێکی پاک بەهرەت بەکۆیە
پێشەنگی کوردان هەر لەبۆ تۆیە
مێژوو دیتەیە بەڵگەی بە سۆیە
لەناخمان دەژی وێنەت شیرینە
کۆچت خەمێکە و لەدڵ ڕۆڕۆیە.




**( پاشای ڕێزدار)**

**سەعدوڵا محەمەد**

ئەوەی دۆستە و ئەوەی ئەغیارە
دەڵێ کۆیە شارە، کۆیە شارە
لەناو شاراندا دیارە
جێی حاجی و مەلا و دڵدارە
بۆ ئارامیی دڵ، کەنارە
باغی پڕ ترێ و هەنارە
کە ڕۆژ هەڵدێ لەو کۆسارە
باواجی لە ئامێزی گرتووە ئەو شارە
خاوەنی قەیسەری و بازاڕە
خۆشترین وەرزی بەهارە
گڤەی ڕەشەبای ئەو شارە
زۆرە، خەڵک لێی بێزارە

بەڵام هەناسەکەی سەرداره
بۆ ژیان شنه و شەماره
پاشای فلوت و نەی و شمشاره
به سەمای پەنجەی ئەو سەرداره
باغی سێوه و تایەر سۆزداره
یەکیان مامه و ئەوەی دی خاره
فوی ئەو سەرداره، ئەفسونه، بەکاره
سەری سپیی، شکۆیه، ویقاره
له ناو پۆل و لەسەر شانۆ و سەیران و گەشتوگوزاره
ئەو، زانا و قوتابخانه و پەروەردەکاره
کوڕەکانی، تەپڵ و ساز و تاره
هاوڕێکانی، کەمان و جومبوش و گیتاره
خەڵکی ئەو شاره هەموی قەرزداره
نێر و مێ و گەوره و منداره، منەتباره
چاوبەفرمێسک و غەمباره، برینداره
بۆ لەدەستدانی ئەو هونەرمەنده ڕێزداره
دەپاڕێینەوه له خودای پەروەردگاره
جێگای بەهەشت بێ ئەو سەرداری بابسەرداره



**(هونەرمەندێک لە نایە و فلوت و شمشاڵ)**

**شوان ئەحمەد مام عەلی**

سڵاوی وەفاداری

بۆ مامۆستا سەرداری

بۆ ئەستێرە گەشەکەی

ئاسمانی کوردەواری

بۆ ڕابەر و مامۆستا و

خەمخۆری خوێندەواری

بۆ نایە و فلوت و شمشاڵ

بۆ جوانترین ژەنیاری

هەر ئاوابێ ئەم شارە

بۆ هونەرمەندی دیاری

ماڵئاوا هونەرمەندی

دڵ و دەرون بەهاری

هێمای تیپی باواجی
چەند بەرزە شوێنەواری
با گیانت ئاسودە بێ
خاوەن سەدان خوێندکاری
دوای کۆچیشت بۆ هونەر
خۆت پێشەوا و سەرداری
هەزاران درود بۆ گیان و
بۆ نێو گۆڕ و مەزاری



**هەتا هەوا شەپۆلەکانی دەنگ بگوێزێتەوە، سەدای شمشاڵ و نای و فلوتەکەت، سەمای پەنجە ماندووەکانت، دەنگدانەوەی هونەری هونەرەبەرزەکەت، نەمرن و مێژووی هونەری کوردی قەرزارتانە.**

**(تـاڤـگـەی شـمـشـاڵ)**

**فازیل شەوڕۆ**

باڵندەکان

لەو کەژ و شاخ و باغانە

وەک  دار و بەرد

بێزمان بوون

سەحەرێ زوو

پڕووشەی تاڤگەی ئاوازێکی

ئەفسووناوی

وەکو نمەنمی باران

بەسەر شان و ملی شاخ و

بەسەر نیگای شار و دێ

هاتەخوارێ...

هەرچی هەبوو شێت و شەیدای

ئەو ئاوازە  بە سۆزە بوو:

باڵندەکان

ئاشقانە کەوتنە لاسایی کردنەوەی

کەو،  قاسپە قاسپی دەهاتە بەرگوێ

بولبول، چەهچەهە

کەناری، چریکە

شەهێن، سیرە

کێشکە، ویتەویت

پەرەسێلکە، جریوە جریو

کۆتر، گمەگم

سوێسکە، فیکەفیک

لەو ڕۆژەوە

باڵندەکان هەر لاسایی

ئەو ئاوازە دەکەنەوە.

ئاوازێک

مامۆستا سەردار

لە تاڤگەی شـمشاڵەکەیەوە

دەیپژاندە

سەر شان و ملی

شاخ و داخ

دەیپژاندە

سەر نیگای شار و دێی

دڵ پڕ ئاخ!.

دوبلن ٢ / ١٢ /٢٠١٩



**(ناڵەی بلوێر)**

**قادر بەشدار**

ئەوکی بلوێرت ماتەمە و لەتاو مەرگت ژان دەژەنێ
لەم سـەفەرە ناوەختەتدا خەمێ لە ناخمـان دەتـەنێ
چەندین ڕۆژە شار ماتەمە، بۆ کۆچەکەت بەکوڵ دەگری
هەروەکو نەورۆز و کاوە، زیندوو دەمێنی و نامری




(....)

**قوباد بەهرەوەر**

ڕۆژانە
عەمری گەڵا دڵۆپ دڵۆپ
دەڕژایە ناو ڕێژگەی تەمەن
هەور دەیوت
ئەوە ئۆردوی قەلەڕەشکەن
کۆترەشینکان بە بوکدەبەن
...
بروسکەی هەنسک و شیوەن
لە باواجیی پرسەدار
بۆ قەڵات، بۆ لانکەی سەردار:
کولـلـەی خەم دەستی ناوەتە
بێنی بەهار
دایکی وتی:

شمشاڵێکتان بۆ دەنێرم
پڕ لە نۆتەی عەشق و جوانی
بەو پایزە دونیا پڕکات
لە بەستە و بەند و گۆرانی
مەرگ و مۆتەکە لە ئاستی
شمشاڵی سەردارەکەی من
دەبێ هەڵبێ
دەبێ مانگ و چی ئەستێرەی
نۆتەی جوانە
لەو شەوی دەیجورە هەڵبێ



**(سەرداری باب سەرداری)**
**قوبادی جەلیزادە**

ئەو کات لە(کۆیە)،
لەبەر دەرگای هەر ماڵێکدا،
قامیشێکی بەژن بڵند،
کەسک ببوو.

پۆلێک دار کونکەرە،
لە(شیوی ڕەزان)ەوە هاتن..
چەند کونێکیان کردە دڵی،
قامیشەکان.

لە (باوەجی) یەوەش،
(سەردار)؛
بوو بە شنەی شەماڵێک و هەڵی کرد.

یەکە
یەکە
قامیشەکان بوون بە (شمشاڵ).

هەنووکە
گشت تاریک و ڕوونێک،
سەردار؛
بەشمشاڵە سپیەکەیەوە،
لەبەردەرگای هەمووماڵێکدا
دەوەستێ.
تا فوو نەکا بە شمشاڵداو
پەنجەکانی سەما نەکەن؛
نەخۆر،
لە(هەیبەسوڵتان)ەوە هەڵدێ
و
نە کێشکەیەک[1] دەجریوێنێ.

(1) کێشکە : چۆلەکە



**(بۆ چلە و یادت مامۆستای نەوەکان)**

**مودریک ژاڵی**


تا نەفخی شمشاڵ و

فلوت و نەی مابێ

مایسترۆی

سەردارەکەی ئێمە

لە "باواجی" ئاوا نابێ.



## (بۆ چلەی هونەرمەندی مەزن کاکە سەردار)
## مەولود ژاکاو

تەمێکی ڕەش دایگرت ترۆپکی باواجی
هەر داکشا هەر داکشا، تا گەیشتە شاری حاجی
پساندی تاری عود و ژێی کەمان
کۆیە و تیپی باواجی پڕکرد لە خەمان
کپ بوون دەنگی ئەو ئامێرانەی هەوایی
نەشاز بوون میلۆدی، ئاواز و نەوای جیاجیایی
لۆلۆ و لێ لێ و سەبا و سێگا
فلوت و نای دەنگیان نووسا
شمشاڵ تورەی هات و نەوی
بێ ئاواز بێ پەنجەی وی
قەتار خاوکەر ئەڵلا وەیسی
وەک نالەی نای هاتە پرسی

مامۆستا باکوری هۆن هۆن ئەشکی باران
بۆ شاگردە زیرەکەکەی خۆی دەیناران
زاهیر و سەفین و وریا هەر هەموویان
لە ناخەوە لە دڵەوە ئەوان گریان
ئەو شیوەنە گەرمە بۆ کاکە سەردار بوو
بۆ هونەرمەندانی کۆیە ئەو سەردار بوو
چونکە ئەو کۆستە کۆستێکی زۆر گەورە بوو
کارەسات بوو دڵتەزێن بوو بۆ هونەر بوو
تا دنیا ماوە و چەرخی زەمان بگەڕێ
سەردار لە دڵی ئێمە دەژی و نامرێ




**(بۆ مەرگی سەرداری باب سەردار)**

**نادیە کەریم**

دار- نەی پرسە دەگێڕێ
تەمەن لە سوتانە و
لە لێواری مەرگ خلۆردەبێتەوە
شمشاڵ کۆڵوانەی ڕەش دەپۆشێ و
بەکوڵ دەگری.
فلوت فرمێسکی تەڕی دەسڕی و
گەرووی پڕە لە گریان.
بلوێر وەک کوورەی خەم
قوڵپ دەدات و
بەڕووی گۆڕدا دەتەقێتەوە.
دار- نەی تاسەبارە و
بێدەنگییەکەی ناخ هەژێنە،
هەناسەیەک نەماوە

بیخەملێنی،
دەنگێک نەماوە ڕایچڵەکێنی
دڵێک نەماوە خۆشی بوێ
ئینجانەیەک نەماوە
بۆنی مسکی تێدابکا
دایکێک نەماوە لەباوەشی بکا
شوانێک نەماوە بیژەنێ
دار- نەی پرسە دەگێڕێ و
بەردەوامە لە قوڕپێوان
کەمەری نەی سەرگەردانە،
پەنجەیەک نەما بۆجێژوانی
کودەتایە و بۆ مەرگی عاشقانە
لە قوڕگی نەی
شین و واوەیلانە.

(هایکۆیەک)
هێلێکە تەریب بە دڵ،
بەیەکەوە شیوەن دەگێڕن
شمشاڵەکەی باب سەردار.



**(سەردارەکەی هەیبەت سوڵتان)**
**نازم دڵبەند**

کە هەستێکی ناسکم ناسی
شمشاڵی تۆم تیادی
کە بەمێژوی ( هۆمەرخوچان)یشا گوزەرم کرد
هەربەتەنها نوزەی سۆزی
ئەوشمشاڵە سەرمەستە بوو
منی بۆ سەوداسەری برد...
لەکاروانسەرای کوێستانێ بوو
لەسەراسۆی (باواجی) تۆ
دەنگی مێگەڵە بەرخێ بوو
لەگەڵ لەنجەی کچە شوانکارانی (کۆیە)
بەنازەوە دەهاتن و
بەدەم چاوشارکێی ڕەشماڵان
نازی خۆیان لەشمشاڵەکەی تۆ
دەئاڵاند و

بەسۆزەوە هەڵدەسوڕان...
لەسێبەری (چنارۆک)ێ
ڕازی خەمێکی عاشقانەی
پڕتامەزرۆی خۆیانیان
بەدەم فوی شمشاڵی
ئەوجوانییەت
دەسپارد ،
بەڵکو هەواڵێ بگەینێتە
کوڕە(کۆیی)یان
پێیان بڕێی:
(دیسان کوێستانچی دێنەوە)
دەڕابن زوو
چاوەڕێ بن
بەڵکو دڵتان ڕۆشنبێت و
ئەم عەشقەتان سەرلەنوێ
بۆ بێتەوە...
هاوڕێم... لە هەولێر
لەباڵەخانەیەکی نوتەکا
لەشەقامێکی زۆر جەنجاڵا
من شمشاڵەکەی تۆم لەبیرە
چۆن ئاوێزانی (کەژاڵ) و
ئاوێزانی (عەشق و ئازادی)
دەبوی
ئای چەند سەرمەستی
(دوگمەی سینە)ی
(قادر)ێک بوی

کە شەوگارێکی ناوەختیشت
بەسەردەبرد
عەجەب قەت لێی وەڕس نەبوی!
هاوڕێم تۆ قەت
خەیاڵت بۆ سەفەرێکی
یەکجاری نەدەچوو
تۆ تا شەوگارێکی درێژ
چاوەکانت بەئاسانی
تەسلیمی خەو نەدەبو
لەگەڵ هەرنوزەی دەنگێکی
چریکە ئاسا
شمشاڵەکەت دەست لە سەرپێ
ئازایانە بۆی دەوەستا....
خۆ لەبیرتە کەسێ نەبو لەتۆ زیاتر
بەکاروانی (خارە تایەر)
ئاشنا بێ و
فوی شمشاڵەکەی پێڕابگا...
ئەدی شەوانی سەرمەستی (ناوڕەزان)
کەدەبویتە فریشتەی داکەسانی
باڵندە خۆشخوانەکان...؟؟؟
لەگەڵ هەستی شمشاڵەکەت
ئەوانیش بەهێمنی لە دەورەتا
ئارام دەبوون
بەخەوێکی قوڵی پڕ ئارامیشا دەچوون!!..
هاوڕێم ئەدی
شەوە خۆشەکانی پەنای گەڵای سەوزی

(یانەی فەرمانبەرانی هەولێر)...؟؟
چەند بەسۆزبووی
کە ئەوکاتەی
لەگەڵ سوتانی (فوئاد) و
دەنگی (تەحسین)
لەناخەوە تۆش دەسوتای!!..
ئەوە شمشاڵەکەی تۆ بوو
لەسوتانی زەمەنا بوو
بەنێوانی رۆحی هەموانا
بەخێرایی دەهات، دەچوو....
نەدەبوایە بەم خێراییە سەفەربکەی
چونکە هێشتا پەرەسێلکە کۆچەرییەکان
حەزیان لەنوزەی شمشاڵ بوو
بەڕێیان کەی
چاوەڕێش بوون تادێنەوە
چاوەڕێ کەی
تا پێت بڵێن:
تۆ ناسنامەی دەڤەرێکی ئەوەند باڵا
نەخێر مردن مەحاڵە
زەفەرت پێببا..



**(کۆچی ناوادەی مامۆستا سەردار)**

**نامیق تەلانی**

چۆن نەگرییێم بۆ ئەو کۆچەت کە تۆ دەڕۆیت
کە تۆ چرای دڵی منی و تیشکی ئاسودەیت
خەزانی پایز هەڵیکرد، گەڵای سەوزی دڵم وەری
فرمێسکی چاوم وشکی کرد، هێندەی چاوم بۆ تۆ بگری
زەریای دوریت هێندە شەپۆلی سامناکە
هەنگ تا دەمرێ چاکەی گوڵ قەت لە یاد ناکا
دڵمان شاد بوو بە ناسینت هەمیشە لەیادمان ناچی
تۆ وەک ڕۆح وای لە جەستەیا وا بە ئاسانی دەرناچی
دەم بە دەم زیاتر بیری تۆ دەکەم
دێم و دەچم ناتوانم تۆ لەبیر بکەم
دەچمە هەرکوێ، چاوم بە هەرکەس دەکەوێ
یادگاریەکانت هێند زۆرن لە یاد ناچێ



**(بۆ گیانی مۆسیقا، سەرداری باب سەردار)**

**د. هاوژین سڵیوە**

ئەو قامیشەی کردیان بە شمشاڵ

بەخەمباری لە گۆشەیەک هەڵتوتاوە،

لەبەر ئەوە نا کە لە چەم دابڕاوە،

لەبەر ئەوەی

ئەو دەزانێ

سۆزی فوی لێوی سەردار بزر بووە و

بێناز ماوە.

تاکو ئێستاش چەم دەگرێ و

فرمێسکی لێدادەچۆڕێ،

لە بەرئەوەی نا قامیشێکی لێبڕاوە،

لەبەر ئەوەی

مامۆستا سەردار گیانی سپارد، سەری ناوە.

کۆیە ـ هەرمۆتە ٢٠٢٠/٣/٢



**(سەرداری مایسترۆ)**

**هەڵمەت سەمەد**

بە قەد بەژنی مێژووی

شار و لادێکانی کۆیە

بە قەد باڵای باواجی و

هەیبەت سوڵتان

خزمەتکاری هونەری لە کۆ

بە قەد زانا و هونەرمەندی

پیر و لاو

بە بەرزیی سنەوبەرەکانی هەیبەت سوڵتان

لە ژێرەوە بەرەو ژوردا

ئەتۆ بەرزی

تۆ ڕوحی فلوتی...

تۆ کەمان و سۆزی نەی...

کێوێکی بەرزی لە ئاسمانی هونەر

لێژ نابییەوە و ... دانابەزی
سۆزی عیشقی پەنجەکانت
لە ستەمی ڤین و ژیندا...
شنەی سۆزت
دەمەوئێوارانی دەم ڕەزانە
بۆخۆت مەزن و حەزی
بەم حەزەشت گەنج دەبمەوە
کە پێمدەڵێن کۆیی ...




# ئەرشیفە وێنە




**جەمیلە فەقێ حوسێن و ئەحمەد عەبدوڵا**

**١٩٧٣ /٣/٢٠**

**دایك و باوكی سەردار ئەحمەد**



**سەردار ئەحمەد و زاهیر محەمەد**

**١٩٥٨**



**شمشاڵژەن سەردار ئەحمەد**
**١٩٥٩/٥/١**



**تۆماری ئەندامانی تیپی مۆسیقای باواجی**



**پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا**
**١٩٦٦/١٢/١١**



**تیپی مۆسیقای چالاکیی قوتابخانەکان**
**نەورۆزی ١٩٧٠ / چۆمان**



وەستاوەکان(سیامەند عزەت – ئازاد بیلال – جان تۆماس – زاهیر محەمەد)
دانیشتوەکان( ڕزگار کەریم – چاپوك شەفیق – وریا ئەحمەد – سەردار ئەحمەد – ئەنووەر تاهیر)
١٩٧٢




تیپی مۆسیقای باواجی
١٩٧٣



شمشاڵژەن: سەردار ئەحمەد – گۆرانیبێژ ڕوقیا عەبدوڵا
نەورۆزی ١٩٧٣



١٩٧٤/٢/٢٣ قەسری شیرین



؟ - ئەحمەد سالار – سەردار ئەحمەد
١٩٧٥



(وریا ئەحمەد – حەسەن گەرمیانی – سەردار ئەحمەد)
١٩٧٥/٣/٦



**یانەی مامۆستایانی هەولێر (قادرکابان)**
**١٩٧٩**



**تیپی مۆسیقای حاجی قادری کۆیی**
**١٩٨٧**



خولی بەهێزکردنی مامۆستایان
قوتابخانەی کۆیەی یەکەم
١٩٩٧/٩/٢٥




پاریس ٢٠٠٧




فازیل شەوڕۆ
٢٠١٢/٢/١٤



٢٠١٣/١/١٩




**هاوکار فریاد**



**هەرمۆتە ٢٠١٢**



ڕێزلێنان ٢٠١٩/٢/١٣




ڕێزلێنان ٢٠١٩/٢/١٣



عەبدوڵای حەسەن زادە - د.بڕوا سەردار
ڕێزلێنان ٢٠١٩/٢/١٣



نەوزاد جەلال - د.بڕوا سەردار - سەفین عەبدولڕەزاق
ڕێزلێنان ٢٠١٩/٢/١٣



فەرەیدون دارتاش
ڕێزلێنان ٢٠١٩/٢/١٣



د. هاوژین سڵێوە
ڕێزلێنان ٢٠١٩/٢/١٣



ئارام ساڵح
ڕێزلێنان ٢٠١٩/٢/١٣



د. عەبدولواحید ئیدریس
ڕێزلێنان ٢٠١٩/٢/١٣




**بەخاکسپاردن ٢٠١٩/٣/١٨**




**بەخاکسپاردن ٢٠١٩/٣/١٨**



بەخاکسپاردن ٢٠١٩/٣/١٨



گڵکۆی م. سەردار
بەخاکسپاردن ٢٠١٩/٣/١٨


مەرگ وژین مسلی سێبەروتاوە ئەوەی باقی بمێنێ هەرناوە
REDMI NOTE 8 PRO
AI QUAD CAMERA



الفاتحة
بسم الله الرحمن الرحيم
كل نفس ذائقة الموت
REDMI NOTE 8 PRO
AI QUAD CAMERA



مەراسیمی چلە ٢٠١٩/٤/٢٣



مەراسیمی چلە ٢٠١٩/٤/٢٣




مەراسیمی چلە ٢٠١٩/٤/٢٣




مەراسیمی چلە ٢٠١٩/٤/٢٣



د.هێمن عەبدولحەمید – هۆشمەند زاهیر – فازیل سلێمان
مەراسیمی چلە ٢٠١٩/٤/٢٣



مەراسیمی چلە ٢٠١٩/٤/٢٣





**بەرنامەی میلۆدی کوردسات ٢٠١٠/١٠/٢٠**




پەیکەرساز: کەیهان محمدی / ٢٠٢٠









**خانەی هونەرمەند مامۆستا سەردار ئەحمەد**
**(باب سەردار) ٢٠٢٠**





زایەڵەی فلوتە ئەویندارەکەی سەرداری باب سەردار


KoyaBranch


2007 4 13



ماڵئاوا سەرداری هەموان

## مۆسیقای چنارۆک
## ئاوازی سەردار ئەحمەد – ١٩٦٧



## مۆسیقای زۆزان

## ئاوازی سەردار ئەحمەد – ١٩٧٣

